خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5661) چوارشەممە 26ی کانوونی یەکەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار



مەکتەبی سیاسی پارتی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات



نێچیرڤان بارزانی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات



مەسرور بارزانی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە مەسیحییەکان پیرۆز دەکات



هەولێر... جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا بەئامادەبوونی بەرپرسان و کونسوڵی وڵاتان بەڕێوەچوو...

2

سەرۆک بارزانی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات

کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان و تەبایی هەموو ئایین و نەتەوە و پێکهاتەکانە



ئەرشیف

رۆژی دووشەممە 2018/12/24 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنەکانی سەری ساڵی زایینی و لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح درودی خوای لەسەر بێت، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی خوشک و برایانی مەسیحی لە کوردستان و عێراق و هەموو جیهان کرد. ئەمەش پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنەکانی سەری ساڵی زایینی و لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح درودی خوای لەسەر بێت، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خوشک و برایانی مەسیحی لە کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دەکەم.

هیوادارم ئەو بۆنە پیرۆزە ببێتە هۆی دەستپێکی ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و برایەتی نێوان هەموو لایەک و، کۆتایی بە تیرۆر و زوڵم و چەوساندنەوە بێت، بەتایبەت کە خوشک و برا مەسیحییەکانمان لە ساڵانی ڕابردوو ئازارێکی زۆریان بە دەست تیرۆریستانەوە بینیوە. جێگەی شانازییە کە کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان و تەبایی هەموو ئایین و نەتەوە و پێکهاتەکانە و، پشت بە خوای مەزن و بە هیممەتی هەموو لایەک دەبێ ئەو پێکەوەژیان و برایەتییە قووڵتر ببێتەوە.

ئومێد دەکەم هەموو جەژنەکانتان بە خۆشی و ئاشتی بکەنەوە و هیوای شادی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

مسعود بارزانی

24ی 12ی 2018

پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە

خەڵک و ئیدارەی شاری شنگال هانا بۆ سەرۆک بارزانی دەبەن و داوای جێبەجێکرنی ماددەیەکی دەستووری دەکەن



دوێنێ سێشەممە ، مەحما خەلیل، قایقامی شنگال لە نووسینگەی دهۆکی پەرلەمانی عێراق، لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، بارودۆخی خەڵکی شنگال چ ئەوانەی لە کەمپەکان دەژین و چ ئەوانەی گەڕاونەتەوە، زۆر خراپە. مەحما خەلیل هەروەها رایگەیاند، نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بڕی زۆریان لە شنگال خەرج کردووە، بەڵام ئەو بڕە پارانەی ئەو دوو لایەنە خەرجیان کردووە، بەشێوەی دروست خەرج نەکراوە و نەبوودتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی شنگال و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی. قایقامی شنگال داوای لە سەرۆک بارزانی کرد، وەک چۆن پێشتر بەرگریی لە خەڵکی شنگال کردووە.

2


پەرلەمان و حکوومەت گفتوگۆ دەکەنەوە.. شاندێکی هەرێم دەچێتەوە بەغدا

تا/ بلند ئیبراهیم

فراکسیۆنەکانی کوردیییەکان دووبارە داواکارییان پێشکەشی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق کردووەتەوە و بڕیارە دوای پشووی سەری ساڵ حکوومەت و پەرلەمان گفتوگۆ بکەنەوە. ڤیان سەبریش ئاشکرای دەکات، ڕێگە شاندێکی هەرێم بچنەوە بەغدا و پرسی بودجە بخەنەوە بەر باسەوە. ڕۆژی دووشەممە، خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای بودجە کرا و سەرجەم فراکسیۆنەکان داواکاریی خۆیان ئامادە کرد و ئاراستەی لیژنەی داراییان کرد، بۆ ئەوەی دوای پشووی سەری ساڵ لەگەڵ حکوومەتدا بکەونە گفتوگۆوە.

د. ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران گوتی، دوای پشووی سەری ساڵ گەڕێکی دیکەی دانوستان لەسەر پرۆژەیاسای بودجە لەنێوان لیژنەی دارایی پەرلەمان و وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق بەڕێوە دەچێت. ڕەنگە شاندی حکوومەتی هەرێمیش بێنەوە بەغدا و گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکرێت و ڕای هەموو فراکسیۆنەکان کۆتا جار وەردەگیرێت دواتر دەخرێتە دەنگدان و پەسەند دەکرێت.

ڤیان سەبری دەربارەی ئەو داواکارییانەی پێشکەشیان کردووە گوتی، زیادکردنی پشکی هەرێم و بودجەی پێشمەرگە و پێداویستیی پێشمەرگە و چەندین داواکاریی دیکە لەخۆ دەگرێ، "لە لیژنەی دارایی کە نوێنەری ئێمەشی تێدایە گفتوگۆ لەسەر داواکارییەکان دەکرێت و لەوێ بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆ ئەوەی بخرێتە ناو بودجەوە، بەڵام یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە دەکەوێتە دوای پشووی سەری ساڵەوە. "بەپێی دوائاماری وەزارەتی پلاندانان، دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 13.9%ی خەڵکی عێراق پێکدەهێنێ، کەچی وەک سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێ "بەغدا ئەو ڕێژەیەشیان کەم کردووە بۆ 12% و ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمە.





9

بەفر چەند قەزا و ئاواییەکی سپیپۆش کرد

سەرۆکی کاتیی پەرلەمان: کاتێک لایەنەکان ڕێککەوتن، پەرلەمان کۆدەبێتەوە

2

مەکتەبی سیاسی پارتی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات

کوردستان بەدرێژایی مێژوو لانکەی شارستانێتی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی بووە



مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پەیامێکی پیرۆزبایی ڕاگەیاند، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆشک و برایانی کریستیان لە کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، هیوادارین هاتنەوەی ئەو جەژنە، مایەی خێروخۆشی و شادی و دڵنەوایی بێت بۆ گشت لایەک.

جێگای شانازیە کە هەرێمی کوردستان هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو لانکەی شارستانێتی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی بووە، بۆیە پێویستە تێکڕای پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی کوردستان هەوڵی قوواڵکردنەوەی ئەو کولتوورە دێرینە ڕاست و دروستە بدەن و فوونەی ئەو فرەڕەنگییە ڕاستەقینەی برایەتی و تەباییە بن.

دووبارە وێڕای پیرۆزباییمان، پشتیوانی خۆمان بۆ گشت پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان بە گشتی و خوشک و برایانی مەسیحی بەتایبەتی دووپات دەکەینەوە بۆ دابینکردنی ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ئایندەیەکی گەشتر..

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر لە شادی و بەختەوەری دا بن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
24/12/2018

نێچیرڤان بارزانی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحی پیرۆز کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

هاتنەوەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح سڵاوی خوای لێ بێت، لە هەموو خوشک و برایانی مەسیحی لە کوردستان و تەواوی جیهان پیرۆز دەکەین، بەو هیوایەی جەژنێکی پڕ لە ئارامی و ئاسوودەیی بەسەر بەرن و ئەم جەژنە خێر و خۆشی و ئاشتەوایی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بهێنێت.

جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح ئەمسااڵیش لە کاتێکدا دێتەوە کە بەداخەوە هێشتا ژمارەیەکی زۆری خوشک و برایانی مەسیحی لە ئاوارەییدا دەژین و نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هیوادارین جەژن و بۆنەکانی داهاتوو هەموویان بە سەرفرازی گەڕابنەوە شوێنەکانیان و ئارامی و سەقامگیری و دڵنەوایی تەواوی عێراق و ناوچەکە و جیهانی گرتبێتەوە.

لەم جەژنە پیرۆزەدا دووبارە داکۆکی لەسەر کولتووری دێرینی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتەوایی و گیان و پەیامی مرۆییانەی مەسیحییەت و ئایینەکان لەنێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و پاراستنی ئەو کولتوورە دەکەینەوە کە بەشێکی گرنگ و دیاری دەوڵەمەندی و شانازیی پێکهاتەکانی کوردستانە. دووبارە جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە هەموو لایەک پیرۆز بێت و هیوای جەژن و پشوویەکی خۆش بۆ هەمووان دەخوازین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2018/12/24



مەسرور بارزانی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە مەسیحییەکان پیرۆز دەکات

مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە مەسیحییەکان پیرۆز دەکات و هیوای جەژنێکی پڕ لە بەختەوەری و کامەرانیان بۆ دەخوازین.

کوردستان چۆن هەمیشە ناوەندی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینی و نەتەوەییە، بەردەوامیش بێ جیاکاری پەناگە و ماڵێکی ئارام بووە بۆ هەموو ئەوانەی بەهۆی زوڵم و زۆرداریییەوە پەنایان بۆی هێناوە.

لەم بۆنەیەدا هیوادارین ئاشتی و سەقامگیری لەسەرانسەری ناوچەکە بەرقەرار بێت بۆ ئەوەی زەمینەی پێشکەوتن و ئاوەدانی بڕەخسێت و کۆتایی بەو نەهامەتیانە بێت، کە سااڵنێکە بەرۆکی ناوچەکەی گرتۆتەوە.

مەسرور بارزانی
ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان
2018/12/24

هەولێر... جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا بەئامادەبوونی بەرپرسان و کونسوڵی وڵاتان بەڕێوەچوو



بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح "سڵاوی خوای لەسەربێت" ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بۆ پیرۆزبایی و بەرزڕاگرتنی ئەم یادە، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتە کریستیانەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی کەنیسەی ماریۆحەنایان لەعەنکاوە کردو لەلایەن مەتران "پاتریاک مارگۆرگیس سلێوە" سەرۆکی کەنیسەی ڕۆژهەلاتی ئاشووری لە جیهاندا، نیقافە مەتران مارنیقودیموس داود مەتی شەرف سەرۆکی تائیفەی سریان ئەرسۆدۆکس لە هەرێمی کوردستان و کەرکووک و موسڵ، و مەتران مار بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەسقافیەی ئیبارشەی هەولێر کلدانی و قەشە نەجیب مەترانی موسڵ کلدانی و پیاوانی ئایینی کریستیانەکان پێشوازی کران..

لەمیانی ئەم سەردانەدا عەلی حوسێن بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، هەروەها هیوای خواست ئەم جەژنە بێتە هۆی قوواڵبوونەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لەمێژینەی پێکهاتەکان و لێبووردەیی و ئاشتی و تەبایی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات جەختی لە خۆشگوزەرانی و باشترکردنی ژیانی گشت پێکهاتەکانی کوردستان کردەوە هیوای جەژنێکی پڕ لەخۆشی و ئارامی بۆ خواستن.

هەرلەم دیدارەدا لەلایەن خێزانەوە هەریەک لە مەترانەکان ستایشی هەڵوێست و هەنگاوەکانی حەکیمانەی سەرۆک مەسعود بارزانی و حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە پاڵپشتی و هێنانەکایەی ڕەوشی ئارامی و پێکەوەژیان بۆ گشت نەتەوەو ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەناوی کریستیانەکان هیوای سەرکەوتن بۆ بەردەوپێش بردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانیان کرد و تەئکیدیشیان کردەوە کە کولتووری پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەو نەتەوەکانی کوردستان جێگای دڵخۆشی و ئارامی ئێمەیە.



دیندار دۆسکی: کۆمەڵ بەبێ هیچ بیانوویەک لەحکوومەت کشایەوە

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، باجی ئەو سیاسەتە شکستخواردووە دەدات کە عەلی باپیر، ئەمیری حزبەکە پیادەی دەکات و بەو هۆیەشەوە چاودێرێکی سیاسی نایشارێتەوە کە حزبەکە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بە تەنیا ماوەتەوە. دیندار نەجمان دۆسکی، چاودێری سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو کە ئێستا وازی لەو حزبە هێناوە، بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندوە کە ئەو کاتەی یەکگرتوو و بزووتنەوە هەوڵی پێکهێنانی بەردیەکی ئیسلامییان لەگەڵ کۆمەڵ دەدا، ئەو حزبە هاتنە پێشەوەی بۆ پرۆژەکە نەبووە.

ڕوونیشی کردەوە ئێستا نەوەی نوێ هەیە و بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتیی خۆی هەیە، بەاڵم ئیسلامییەکان ناتوانن لەگەڵیدا بەردیەکی ئۆپۆزسیۆنیان هەبێت. ئەوەشی نەشاردەوە کە کۆمەڵی ئیسلامی لە سەردەتاوە ویستی بە ئۆپۆزسیۆنبوونی نییە، بەڵکوو هەز دەکات بچێتە حکوومەتەوە، بەاڵم واپێدەچێت پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبی یەکەم، تائێستا لەگەڵ کۆمەڵ دانەنیشتوون و ڕەغبەتی ئەوەیان نییە کە لەگەڵیاندا بەشدار بن. گوتیشی کۆمەڵ لە دوایین ساتەکانی تەمەنی حکوومەت، بەبێ هیچ بیانوویەک لە حکوومەت کشاوەتەوە و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ پارتی تێک داوە. ئەو چاوەڕێ سیاسییە جەختی کردەوە کە "لە ڕاستیدا کۆمەڵ بە تەنیا ماوەتەوە "چونکە لەلایەکەوە هەز بە بەشداریکردن لە حکومەت دەکەن و بەشداریان پێ ناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە "دڕووستکردنی بەردیەکی ئۆپۆزسیۆن لەم کاتەدا لاواز دەبێت ."لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دیندار دۆسکی تیشکی خستوتە سەر پەیوەندیی کۆمەڵ و گۆڕان و ئاماژەی کرد پێش هەڵبژاردن کۆمەڵ نزیکی گۆڕان بوو، زیاتر لەوەی نزیکی بزووتنەوە و یەکگرتوو بێت لە ڕووی سیاسییەوە، لەو چوار ساڵەدا لەگەڵ گۆڕان بووە، لە ئۆپۆزسیۆن پێکەوە بوون، بەاڵم ئێستا گۆڕان خواحافیزی لە کۆمەڵ کردووە و خەریکە دانوستانی هاتنە ناو حکوومەت دەکات. لە کۆتاییشدا جەختی کردەوە کە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە پرۆژەی ئیسلامییەکانیش "نەهاتە پێش "و لە ئۆپۆزسیۆنبوونیش "سەرکەوتوو نەبوو "بۆیە ئەو حزبە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بە تەنیا ماوەتەوە.

پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە

خەڵک و ئیدارەی شاری شنگال هانا بۆ سەرۆک بارزانی دەبەن و داوای جێبەجێکرنی ماددەیەکی دەستووری دەکەن

دوێنێ سێشەممە ، مەحما خەلیل، قایقامی شنگال لە نووسینگەی دهۆکی پەرلەمانی عێراق، لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، بارودۆخی خەڵکی شنگال چ ئەوانەی لە کەمپەکان دەژین و چ ئەوانەی گەڕاونەتەوە، زۆر خراپە. مەحما خەلیل هەروەها رایگەیاند، نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بڕی زۆریان لە شنگال خەرج کردووە، بەاڵم ئەو بڕە پارانەی ئەو دوو لایەنە خەرجیان کردووە، بەشێوەی دروست خەرج نەکراوە و نەبووەتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی شنگال و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی. قایقامی شنگال داوای لە سەرۆک بارزانی کرد، وەک چۆن پێشتر بەرگریی لە خەڵکی شنگال کردووە و خاوەندارێتیی لەو شارەی کوردستان کردووە، هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بدات، چونکە "لە ڕووی مێژوویی، جوگرافی و نەتەوەییەوە شنگال بەشێکە لە کوردستان. مەحما خەلیل جەختی لەوە کردەوە، کە حکوومەتی عێراق بە ئەرکی دەستووری و یاسایی خۆی دانێت، بۆیە هەموو کات داوامان کردووە پەلە بکرێت لە دیاریکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێکهێنانی حکوومەت، ئەو کۆبوونەوانەی کە تا ئێستا لە نێوان پارتی و لایەنەکاندا کراون، دڵخۆشکەرن، هەنگاوی باش نراوە.

ڕێڤینگ هروری، سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر گوتی: چوار ساڵی ڕابردوو زۆر جیاوازتر دەبن، چونکە زرووفی چوار ساڵی ڕابردوو زرووفێکی نالەبار بوو، هەم شەڕی داعش، هەم قەیرانی دارایی، هەم قەیرانی سیاسی و ئەو کێشانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتن، هەموو ئەوانە نالەبار بوون، ئومێدێکی زۆر هەیە، کە حکوومەتی ئەمجارە کاراتر بێت و پەرلەمان بە ڕۆحیەتێکی دیکەوە کارەکانی خۆی بکات، هەوڵ دەدات هەنگاوی باش بنێت و ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندان پەسەند بکات، چونکە زۆر پرۆژە ماون و لە خولی چوارەمدا پەسەند نەکراون، دەمانەوێت ئەو پرۆژانەی ماون، پەسەند بکەین، یەکێک لەو پرۆژانە ئەوەیە کە کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، وەکو فراکسیۆنی پارتی وای دەبینن کە پێویستە کوردستان ببێتە فراکسیۆنی پارتی هەموو کاتێک داوامان کردووە، هەتا داوامان لە سەرکردایەتیی پارتی کردووە، داوامان لە لایەنەکانی دیکە کردووە، پارتی خۆیشی پەلە دەکات، کە ئەو کۆبوونەوانە کاتێکی زۆر نەبەن و لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن، بەاڵم ڕێککەوتنەکانیش دەبێ بە گوێرەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت، کەس مەرج بۆ کەس دانەنێت، بۆیە هەموو کات داوامان کردووە پەلە بکرێت لە دیاریکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێکهێنانی حکوومەت، ئەو کۆبوونەوانەی کە تا ئێستا لە نێوان پارتی و لایەنەکاندا کراون، دڵخۆشکەرن، هەنگاوی باش نراوە.

کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستانی دا، جێبەجێ بکات. ڕێڤینگ هروری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دیارکرد: کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی دەمێنێتەوە، تا لایەنەکان لەگەڵ پارتی دەگەنە ڕێککەوتن، بەتایبەتی یەکێتی و گۆڕان، ئاواتەخوازین ئەو ماوەیە زۆر نەخایەنێت، چونکە پارتی پەلە دەکات و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو ماوەیە درێژە نەکێشێت، هەرکاتێک گەیشتنە ڕێککەوتن ئەو کاتە پەرلەمان کۆ دەبێتەوە و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و حکوومەت پێک دێت، بۆیە دانیشتنی پەرلەمان گرێ دراوە بە لایەنە سیاسییەکانەوە و ئەوان بڕیار دەدەن. گوتیشی: وەکو داهاتوو لە چوار ساڵی ڕابردوو زۆر جیاوازتر دەبن، چونکە زرووفی چوار ساڵی ڕابردوو زرووفێکی نالەبار بوو، هەم شەڕی داعش، هەم قەیرانی دارایی، هەم قەیرانی سیاسی و ئەو کێشانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتن، هەموو ئەوانە نالەبار بوون، ئومێدێکی زۆر هەیە، کە حکوومەتی ئەمجارە کاراتر بێت و پەرلەمان بە ڕۆحیەتێکی دیکەوە کارەکانی خۆی بکات، هەوڵ دەدات هەنگاوی باش بنێت و ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندان پەسەند بکات، چونکە زۆر پرۆژە ماون و لە خولی چوارەمدا پەسەند نەکراون، دەمانەوێت ئەو پرۆژانەی ماون، پەسەند بکەین، یەکێک لەو پرۆژانە ئەوەیە کە کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، وەکو فراکسیۆنی پارتی وای دەبینن کە پێویستە کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، ئەو دەستوورە ببێتە بنگەیەکی یاسایی، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ هەبوو ئەگەر لە خولی چوارەم پەسەند کرابایە و ببووایەتە یاسا و حکوومەت پێوەی پابەند کرابایە ، ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە باروگوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە هەبوو ، ئەویش پرۆژەی چاکسازییە ، زۆر گرنگە هەموو توانای خۆمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی پاشەکەوتی موچەی نەمێنێت، کە نەمانی پاشەکەوتی موچەی لای ئێمە زۆر گرنگە و یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی کارەکانی ئێمە ، لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدەین ئەو کێشانەی کە لە ڕابردوو دەهاتنە پێشەوە، لەم خولەدا نەیانهێڵین و چاریان بکەین.

تا/ ڕابین شێروانی

سەرۆکی کاتیی پەرلەمان: کاتێک لایەنەکان ڕێککەوتن، پەرلەمان کۆدەبێتەوە



سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، پارتی پەلە دەکات لە دیاریکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێکهێنانی حکوومەت، کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی دەمێنێتەوە، تا لایەنەکان لەگەڵ پارتی دەگەنە ڕێککەوتن، کاتێک گەیشتنە ڕێککەوتن، پەرلەمان کۆ دەبێتەوە و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و حکوومەت پێکدێت.

ڕۆژی 2018/11/6 پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە و پەرلەمانتاران سوێندی یاساییان خوارد، دوای ئەوە فراکسیۆنەکان داوایان کرد کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی بمێنێتەوە تا لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتن، پاش ئەوە پارتی سێ جار لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان کۆ بووەوە و پەلە دەکات لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستانی دا، جێبەجێ بکات. ڕێڤینگ هروری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دیارکرد: کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی دەمێنێتەوە، تا لایەنەکان لەگەڵ پارتی دەگەنە ڕێککەوتن، بەتایبەتی یەکێتی و گۆڕان، ئاواتەخوازین ئەو ماوەیە زۆر نەخایەنێت، چونکە پارتی پەلە دەکات و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو ماوەیە درێژە نەکێشێت، هەرکاتێک گەیشتنە ڕێککەوتن ئەو کاتە پەرلەمان کۆ دەبێتەوە و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و حکوومەت پێک دێت، بۆیە دانیشتنی پەرلەمان گرێ دراوە بە لایەنە سیاسییەکانەوە و ئەوان بڕیار دەدەن. گوتیشی: وەکو داهاتوو لە چوار ساڵی ڕابردوو زۆر جیاوازتر دەبن، چونکە زرووفی چوار ساڵی ڕابردوو زرووفێکی نالەبار بوو، هەم شەڕی داعش، هەم قەیرانی دارایی، هەم قەیرانی سیاسی و ئەو کێشانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتن، هەموو ئەوانە نالەبار بوون، ئومێدێکی زۆر هەیە، کە حکوومەتی ئەمجارە کاراتر بێت و پەرلەمان بە ڕۆحیەتێکی دیکەوە کارەکانی خۆی بکات، هەوڵ دەدات هەنگاوی باش بنێت و ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندان پەسەند بکات، چونکە زۆر پرۆژە ماون و لە خولی چوارەمدا پەسەند نەکراون، دەمانەوێت ئەو پرۆژانەی ماون، پەسەند بکەین، یەکێک لەو پرۆژانە ئەوەیە کە کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، وەکو فراکسیۆنی پارتی وای دەبینن کە پێویستە کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، ئەو دەستوورە ببێتە بنگەیەکی یاسایی، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ هەبوو ئەگەر لە خولی چوارەم پەسەند کرابایە و ببووایەتە یاسا و حکوومەت پێوەی پابەند کرابایە ، ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە باروگوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە هەبوو ، ئەویش پرۆژەی چاکسازییە ، زۆر گرنگە هەموو توانای خۆمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی پاشەکەوتی موچەی نەمێنێت، کە نەمانی پاشەکەوتی موچەی لای ئێمە زۆر گرنگە و یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی کارەکانی ئێمە ، لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدەین ئەو کێشانەی کە لە ڕابردوو دەهاتنە پێشەوە، لەم خولەدا نەیانهێڵین و چاریان بکەین.

تا/ ڕابین شێروانی

ئەندامانی کۆنگرەی گفتوگۆی عێراقیەکان چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا وەک گەرەنتی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی دەبینن



تایبەت بە خەبات- بەغدا

لەڕۆژانی 21 و 22ی ئەم مانگە لەئوتێل بابل لەشاری بەغدا دیداری دووەمی کۆنگرەی گفتوگۆی عێراقیەکان بەبەشداری 25 کەسایەتی کە لەسەرتاسەری عێراقەوە لەلایەن دامەزراوەی (ادیان) بەڕێوەچو دەست خرایە سەر کێشە گەورەکانی عێراق و سەقامگیری عێراق و ئەگەری دابەشبوونی عێراق لەئایندەدا.

بەشێک لەبەشداربووانی کۆنگرەکە پێیانوابوو کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و مانەوەی مادەی 140ی دەستوری عێراق بەبێ جێبەجێکردن و بوونی میلیشیای حزبی و تائیفی لەعێراقدا هەرهشەی سەرەکین لەسەر مانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو.

د. زیا ئەلئەسەدی سەرکردەی ڕەوتی سەدر و یەکێک لە ئەندام و بەشداربووانی کۆنگرەکە باسی لە خۆزنینەوەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و خەمساردی بەرپرسانی کورد لەبەغدا لەسەر هێشتنەوەی مادەی 140ی دەستور بەبێ جێبەجێکردن کرد و گوتی کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە خەونی کورد لە عێراقدا خەونێکی هەمیشەیی نییە و ڕەنگە دەوڵەتی کوردی ئامانجی گەورە و خەونی بەدینەهاتوویان بێت، بۆیە دەبێ عێراقییەکان واقیعیانە لەسەر ئەم بابەتە بوەستن و ئەگەر شتێکی لەبابەتی جیابوونەوەی کورد لە عێراق و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاوی بۆ نرا ئەوا باشترین شوێن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە بەغدایە.

مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کە وەک کەسایەتیەکی شارەزا لەئیدارەدانی دۆسێی ئاینەکان و پێکەوەژیانی ئاینی بۆ ئەم کۆنگرەیەی بەغدا داوەت کرابوو لەبارەی ناسنامەی ئایینی و ناسنامەی نیشتیمانی عێراقەوە گوتی: وەسفی نیشتیمان لەلای هەرتاکێکی کوردی تەواو جیاوازە لە وەسفی نیشتیمان لەلای خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق. نەقشبەندی لەم بارەیەوە گوتی: لەلای خەڵکی کوردستان دۆسێی تائیفی ناکرێتەوە و هەموو ئاین و مەزهەبەکان هەست بەئازادی دەکەن و ئەوەی بیری لێ دەکرێتەوە خەونی نیشتیمانێکە کە ناوی کوردستان بێت. هەروەها گوتی: لەلای خەڵکی کوردستان بابەتی سەروەریی عێراق و بەهێزی حکومەتی مەرکەزی لەبەغدا بەترس و گومانەوە سەیر دەکرێت چونکە هەموو خەڵکی کوردستان پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و خاپورکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستانیان دێتەوە یاد کە لەژێر حەسانەی سەروەری عێراق و بەهێزی حکومەتی بەغدا کراوە و بەسەدان هەزار قوربانی داوە.

لەسەر جیاوازی ڕەوشی ئایینیش دکتۆر (فادی زو) سەرۆکی دامەزراوەی (ادیان) لەبەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا باسی لەهەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان لەبواری ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سەقامگیری و ئاسایش کرد و گوتی: هەرێمی کوردستان وەک نمونەیەکی سەرکەوتو دەبینم نەک هەر لەعێراق بەڵکو لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پێویستە سوود لەو ئەزمونە وەربگرین کە مامۆستا مەریوان نەقشبەندی و تیمەکەی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامیانداوە.

هەر لەم کۆنگرەیەدا چەندین کەس لەئەندامان و بەشداربوانی گفتوگۆکان تیشکیان خستە سەر مەترسیەکانی مانەوەی حەشدی شەعبی بەم شێوازەی ئێستا و ئەو بوجەیەی کەسالانە لەمیزانیەی عێراق بۆی خەرج دەکرێت "هەروەها باس لەڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ و ئەمەریکا و ئەوروپاش کرا کە هۆکاری سەرەکی بەردەوامبوونی ناسەقامگیری و دابەشبوونەتائیفیەکانی خەڵکی عێراق و یەکپارچەیی عێراقن.



دەسەڵاتدارانی تورکیا، داوای لادانی نەخشەی کوردستانی گەورە لە گووگڵ ماپ دەکەن

K24/ دەسەڵاتدارانی تورکیا، داوای لادانی نەخشەی کوردستانی گەورە لە گووگڵ ماپ دەکەن و نایانەوێت ئەو نەخشەیە ببینن.

جاهید تورهان، وەزیری گەیاندن و پلاندانانی تورکیا، ڕایگەیاند، سەردانی کۆمپانیای گووگڵیان کردووە و داوای لێکردوون ئەو نەخشەیە لابەن، کە بەشێک لە خاکی تورکیای تێدایە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پارتی نەژاپەرستی تورکیا (مەهەپە) پرسی دانانی نەخشەی کوردستانی لەلایەن کۆمپانیای گووگڵەوە لە تورکیا هێناوەتە ڕۆژەڤ و داوای هەڵوێستە لە حکوومەت دەکات. نەخشەی کوردستانی گەورە، کە هەر چوار بەشەکەی تێدایە، لەسەر گووگڵ ماپ دەردەکەوێت، ئەوەش دەسەڵاتدارانی تورکیای نیگەران کردووە، تا ئێستاش دیار نییە بەڕێرسانی کۆمپانیای گووگڵ داواکەی تورکیا جێبەجێ دەکەن یان نا.

دەستەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامی

شەش ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕایدەگەیەنن، پێشتر هەولێ زۆریان داوە بۆ ئەوەی چاکسازیی لەنێو حزبەکەیاندا بەڕێبکەن، بەڵام سەرکەوتوونەبوون. دوێنێ سێشەممە6 ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکەوە دەستییان لەکارکێشایەوە و هۆکارەکەشیان بۆ قۆرخکاری و بوونی تاکەڕەوی لە بڕیاردان و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی ئیسلامی ناساند. لەوبارەیەوە لە ڕاگەیەندراوەکەی شەش ئەندامە بالاکەی حزبەکە کە بریتیین لە هەریەک لە سێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کامیل مەحمود، محمد ئەمین ئاشووری، محسن محمد ئەمین، هەروەها ئەندامانی سەرکردایەتی عەبدلغەفور چەمچەمال، ئارام کەمال، سەرباز خۆشناو ئەوە هاتووە "ئێمە کە پێکهاتووین لە ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، دوای دانبەخۆداگرتنی دریژخایەن و گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕێگری لە بەلاڕێدابردنی بزووتنەوە و کۆتاییهێنان بە قۆرخکاری و دەسەلاتی تاکەڕەوی و بەهەدەردانی وزە و توانای کادیران و ئەندامانمان و لە پێناوی لەدەستنەدانی زیاتری پێگەی سیاسی و جەماوەری بزووتنەوەی ئیسلامی، دوای ئەوەی چەندین جار ڕێگاچارەی دروست و حەکیمانەمان خستەبەردەستی کەسی یەکەم و شورای ناوەندی، بەڵام دەسەلاتی تاکەڕەوانەو قۆرخکاری لەناو حزبدا لە لایەن کەسی یەکەمەوە هەمیشە دەبووە هۆکاری سەرەکی لەباربردنی هەوڵەکانی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی".

لەدریژەی ڕاگەیەندراوەکەی ئەو ئەندامە بالایانەی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوە هاتووە "سەرەنجام بزووتنەوە بەم بارودۆخە لاوازە گەیشت کە هەموومان دەیبینین و لە کۆتا هەوڵیشماندا لە 2018/11/1 پرۆژەیەکی چاکسازیمان دایە ڕابەری گشتی و مەکتەبی سیاسی کە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوون لە؛ کۆتاییهێنان بە تاکەڕەوی و قۆرخکاری لە بڕیارو بەڕێوەبردنی حزبدا، ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داهات و دارایی و چۆنیەتی سەرف و خەرجی و سپاردنەوەی بەمەکتەبی دارایی، کۆتاییهێنان بەنارووڕونی لە سیاسەتی بزووتنەوەدا لەسەر ئاستی ناوخۆ دەرەوە، کۆتاییهێنان بە کاری بێ سەروبەری و گێڕانەوەی ڕۆڵ بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی باسک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی.

بە پێی یاسا کورد مافی هەیە بەشدار بێت لە دادگای تێهەڵچوونەوەی عێراق

بە پێی یاسا لە دەسەلاتی کۆتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نییە ئەندامانی دادگای بالای تێهەڵچوونەوەی عێراق دیاری بکەن و پسپۆڕێکی یاساش ئاشکرای کرد، پرسی دادگاش بەسیاسی کراوە و پێویستە هەرێمی کوردستانیش ئەندامی هەبێت لە دادگای تێهەڵچوونەوەی عێراق. ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکردنی ئەندامانی دادگای بالای (تەمیز) تێهەڵچوونەوەی عێراقی خستە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام بە هۆی نەبوونی هیچ داوەرێکی کورد لە نێو لیستی داوەرە کاندیدکراوەکاندا فراکسیۆنە کوردستانییەکان بایکۆتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانیان کرد. دکتۆر عەبدولڕەحمان حاجی زێباری، پسپۆڕی یاسا و دەستووری عێراق ئاشکرای کرد: بە پێی یاسا دەسەلاتی داوەری لە عێراق مافی ئەوەی هەیە ئەندامانی دادگای بالای پێداچوونەوە دیاری بکات، نەک کۆتلەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە ئێستا بابەتەکە بەسیاسی کراوە و سیاسییەکان ئەندامانی دادگا دیاری دەکەن، ئەوەش پێچەوانەی یاسایە، بەداخەوە سیاسییەکان دەست لە هەموو پرسەکان وەردەدەن.

لەبارەی ئەوەی بە پێی یاسا پێویستە ئەندامانی دادگای بالای پێداچوونەوەی یەکگرتوو لە یەک نەتەوە و پێکهاتە بن، ئەو پسپۆڕە بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: یاسا ئاماژەی بەو بابەتە نەکردووە، کە ئەندامانی دادگای بالای پێداچوونەوەی فیدراڵی هەموویان عەرەب، یان کورد و پێکهاتەیەکی دیاریکراو بن، بە پێی یاسا داوەر داوەرە بەبێ جیاوازی، بەڵام لێرەدا ڕاستییەک هەیە، هەرێمی کوردستان داوای فیدراڵی کردووە و ئەنجومەنی بالای داوەریی تایبەت بە خۆی هەیە، سەرۆکی ئەنجومەنی بالای داوەریی کوردستان و سەرۆکی دادگای بالای پێداچوونەوەی هەریەکە لە پارێزگای کەرکووک و نەینەواش ئەندامی ئەنجومەنی بالای داوەریی عێراقن.

محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەڵێنی ئەوەی داوە ناوی ژمارەیەک داوەری کورد بخرێتە نێو لیستی داوەرە کاندیدەکان. دکتۆر عەبدولڕەحمان حاجی زێباری ڕوونی کردەوە: پێویستە هەرێمی کوردستان لەو ڕێگەیەوە بتوانێت داوەرانی خۆی پێبگەیەنێت و کاندید بکات بۆ ئەندامیەتیی دادگای بالای پێداچوونەوەی عێراق، چونکە مادام هەرێمی کوردستان تێیدا ئەندامە، مافی ئەوەیشی هەیە کاندیدی خۆی هەبێت بۆ ئەو دادگایە.

ئا/ قائید میرۆ



ئەزهەت حالی

کابینەی داهاتوو، با کابینەی یاساپارێزی و خزمەتکردنی هاووڵاتیان بێت

کاندید کردنی کاک نێچیرڤان و کاک مەسرور بارزانی بۆ دوو پۆستی گرنگی هەرێمی کوردستان، لای زۆر کەس بە تایبەت جەماوەر و لایەنگرانی پارتی و ئەوانەی کە پارتی نین، بەڵام پێیان وایە بوونی کەسانی بەهێز و خاوەن ئەزموون لە ئاستی بالای بەڕێوەبردنی وڵات بە تایبەت لەو بارودۆخەدا کار و پێویستیەکی ژیارییە، بە خۆشبینی و خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکراوە، زۆر سروشتییە لە کەشوهەوای دیموکراسی کەسانێکیش ڕای جیاوازیان هەبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم، لە بەدبەختی گەلی کوردستانە تاکو ئێستا کەشێکی ئارام و سەقامگیری ئەوتۆ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دروست نەبووە کە ئیتر بڵێین قۆناغەکە هەستیار نییە و دامەزراوە فەرمییەکانیش ڕەگی خۆیان بە قوڵی داکوتاوە، لە ڕاستیدا ئەو قۆناغەش زۆر هەستیارە و پێویستیمان بە سیاسەتمەداری شارەزا و خاوەن ئەزموون و ناسراو هەیە کە بتوانن وەکو یەک تیم بە پێی بەرنامەی سیاسی و ستراتیژی بۆ بەرژەوەندی هەرێم کار بکەن، بەر لە هەموو شتێکیش مانەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بپارێزن و پاشان لە هەموو ڕووەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی پێشی بخەن.

لەداهاتوودا ئەرکی ئەو دوو بەرێزە ئاسان نابێت و گەرچی زۆر لە بەرپرسارێتییەکە ئەکەوێتە سەرشانی هەردووکیان بەڵام بە تەنیا بەوانیش ناکرێت، نەک تەنیا تیمی حکومەتی داهاتوو بەڵکو تیمی پەرلەمانیش لە پارتییەکان و لە وانەی کە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی داهاتوو زۆر گرنگە تەواو کەری یەکتری بن، نەک دژی یەکتری بن، ئەوەی گرنگە لایان سەرکەوتنی هەرێم وگەلەکەی بێت.

ئەوە ڕاستییەکە کە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێم درێژە پێدەری کابینەکانی ڕابردووە، میراتگری هەردوو لایەنی باش و خراپی کار و بڕیار و کردارەکانی کابینەکانی پێشوترە، زۆر شتی باش کراوە بەڵام کەموکوڕیش هەن کە عەقڵی سەلیم پێیان دەڵێت کاتی ئەوە هاتوە کە دەبێت چاک بکرێن.

لە بەرنامەوەی پارتی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەیە هەر بۆیە پێم وایە ئێمەی پارتییەکان زیاتر لە لایەنەکانیتر بەرپرسیارییەتیمان دەکەوێتە سەرشان، لە نوسین و قسە کردن و لە وتاردان نابێت هێرش بکەینە سەر هیچ کەس و لایەنێک، دەبێت بەکارهێنانی زمانی نەرم و لۆژیک باشترین شێوازی دەربڕینی باوەڕەکانمان بێت، ئەو جۆرە لە گوفتار و ڕەفتارە نەرم و لۆژیکیە نابێت تەنیا بۆ کاتێکی کورت و دیاریکراو بێت، بۆ ئەوەی خەڵک بە هەڵپەرستی لە قەڵەمی نەدەن، بەڵکو پێم وایە ئەبێت ببێتە کەلتوری سیاسیمان کە لە ئەنجامدا کاریگەری زۆری بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردستان دەبێت.

کاک نێچیرڤان و کاک مەسرور وەکو دوو کارەکتەری سیاسی پارتی و هەرێم تەواوکەری یەکتر دەبن لە بەڕێوەبردنی هەرێم، ئەزموونی سیاسی و دیپلوماسی و ئەمنی ئەوان لەگەڵ تیمێکی بە هێزی کارگێڕی و تەکنوکراتی دلسۆز وپاک و شارەزای حکومەت دەتوانێت هەرێم بەهێزتر و گەر خوا و گەلی کوردستان پشتیوانی ئەوان بن دەتوانن لە خزمەت کردنیان سەرکەوتوو بن.

لە سەر هەر کەسێک کە پۆستێک وەردەگرێت لە حکومەت بە کاک نێچیرڤان و کاک مەسروریشەوە پێویستە کە وەرگرتن و بەڕێوە بردنی پۆست بە ئەرک بزانن نەک مافی خۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن هەست بە بەرپرسارێتی بکەن و ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن و ببنە جێگای ڕەزامەندی هاووڵاتیان.

لایەنە سیاسییەکان، بە پارتییەوەش پێم وایە جگە لەوەی سروشتییە وەکو استحقاقی هەڵبژاردن لە کۆبوونەوەکانی پێکهێنانی حکومەت و دابەش کردنی پۆستەکان داوای بەشی خۆیان بکەن، بەڵام لەوەش گرنگتر بوونی کارنامەیەکە کە حکومەت وەکو یەک تیم کاری لەسەر بکات و کەسانی شارەزا کە بە دور بن لە دەمارگیری بێ مانا و کەسانی بە توانا و پاک و دڵسۆز بن کە بتوانن خۆیان لەگەڵ کاری حکومی و ئیداری بگونجێنن و بە کاری تیمی و بە بەرنامە هێز بدەن بە دامەزراوەکانی فەرمی و حکومەتێکی بە هێز پێک بهێنن.

حکومەتی بەهێز واتە حکومەتی خاوەن دامەزراوەی بەهێز کە بتوانن یاسا و هاووڵاتیان بپارێزن، حکومەتێک کە بە دور بێت لە میزاجی کەسی و خاوەن بەرنامە وپلانی پێش وەختە بێت و هەڵی کار بۆ بێکاران بڕەخسێنێت، حکومەتێک کە کوردستانیان سەرەڕای جیاوازی باوەڕی سیاسییان بە هی خۆیان بزانن.

پێم وایە لە ئێستادا بارودۆخی نێوخۆی هەرێم بە تایبەت لە نێو پارتە سیاسییەکان گونجاوترە بۆ دیالۆگ کردن، ئەزموونی سیاسی ڕابردوومان ئەوەی دەرخست نابێت بیر لە سڕینەوەی یەکتری بکەین، با سڕینەوەی پارتە سیاسییەکان لە مەیدانی کاری سیاسی بۆ بڕیاری گەلی کوردستان بێت لە کاتی هەڵبژاردنەکان، گەل کێتی پێ باش بێت با هەڵبژێرێت، هەر بۆیە گەر ڕای گەل ببێت بە پێودر، لایەنە سیاسییەکانیش ناچارن کاری باش هەڵبژێرن لە بری کاری چەوت و هەڵە و خۆیان لە دیاگۆگیەت و فریودانی خەڵک بە دور بگرن. هەروەها پێم وایە ئەوەی سیاسەت دەکات دەبێت زۆر کار بکات بەڵام نەفەسی درێژی هەبێت، حزبە مەزن و میژوییەکانی کوردستان لەوانە پارتی بە خەبات و کاری سیاسی زیاتر لە حەفتا ساڵ گەیشتووەتە ئاستی ئێستا کە بتوانێت گەورەترین پارتی سیاسی هەرێم و عێراق بێت، ئەو حزبە بە قسە و بە دروشمی هەندێ کەس و لایەن لە نێو ناچێت. ئەوە هەڵەی پارتە سیاسییەکان و خۆ نوێ نەکردنەوەو خۆ نەگونجاندنیانە کە لاوازیان دەکات و دەبێتە هۆکاری پوکانەوەیان.

لە کۆتاییدا پێم وایە هەروەک چۆن پاراستنی کوردستان و گەلەکەی ئەرکی هەموومانە، پشتگیری کردن لە کابینەی داهاتووش ئەرکی هەموومانە بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە بتوانێت حکومەتی یاسا پارێزی وخزمەتکردنی گەلی کوردستان بێت.



حزبێکی تورکیا داوای داخستنی (HDP) دەکات

دەڵێ کار بۆ دابەشبوونی تورکیا دەکات

حزبی وەتەنی تورکیا سەردانی داواکاری گشتیی ئەنکەرای کرد و بەفەرمی داوایەکیان بەرز کردەوە بۆ داخستنی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP). دوێنێ سێشەممە حزبی وەتەن ئەو داوایەی تۆماری کردووە نووسیویەتی " HDP دژی سەربەخۆیی تورکیا چالاکی ئەنجام دەدات، هەروەها کار بۆ دابەشبوونی تورکیا دەکات، بۆیە پێویستە دابخرێت".

نوسرەت سەنەم جێگری سەرۆکی حزبی وەتەنی تورکیا، بەناوی پارتەکەوە لە داواکاری گشتیی کۆماری لە ئەنکەرا داوای یاسایی لەسەر HDP تۆمار کرد و داوای داخستنی کرد. هەموو ئەو هۆکارانەشی لە دۆسیەیەکدا داوەتە داواکاری گشتی، کە پێویستە HDPی پێدابخرێت. حزبی وەتەن لە 2016ـدا، دوو جار داوای داخستنی HDPی کردبوو لە دادگا. هەروەکو ئەوەی سەنەم بۆ میدیاکانی تورکیا قسەی کردووە، لەو ساڵەدا HDP لە کۆنگرەی خۆیدا داوای کانتۆنی کردووە و ئۆجەلانیشیان وەکو سەرۆک نیشان داوە.

سەنەم داوای لە خەڵکی تورکیا و دادگاکانی تورکیا کرد، بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا کە بڕیارە لە 2019/3/31 ئەنجام بدرێت، نەیەڵن HDP کاندیدی هەبێت و بەشداری بکات، چونکە هەڵکەندنی خەندەق و ئاژاوەنانەوە لە تورکیا.

هاوسەرۆکی گشتیی HDP: لە 11 مانگدا، دوو هەزار ئەندامان دەستگیرکراون

لە کۆڕ قەییوم هەبێت هەڵیان دەدەینە ناو زبڵدانی فاشیزم



هاوسەرۆکی گشتییHDP سەزایی تەمەللی ئاماژەی بەوە کرد کە جگە لە مانگی کانوونی یەکەم لە 11 مانگدا، دوو هەزار ئەندامی HDP دەستگیرکراون و مانگانە تێکڕا لێکۆڵینەوە لەبارەی 500 کەس کراوەتەوە لەسەر سووکایەتیکردن بە سەرکۆمار. لە گوتارێکیدا کە لە میانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا پێشکەشیکرد، سەزایی تەمەللی باسی لەوە کرد کە "تورکیا بووتە جەهەنەمی ڕەنج" و گوتی: لە تورکیادا لەگەڵ ئەوەشدا لە تورکیادا دەستبەسەرداگرتنی مووچەش هەیە.

سەزایی تەمەللی ئاماژەی بەوە کرد کە وەزارەتی ناوخۆی تورکیا داعشێکی بە مەرج ئازاد کردووە کە ناوی لە لیستی شینی تیرۆریستانی داواکراودا هەبووە و لە دەروازەی سنووری خاپوور خۆی ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کردبوو و گوتی: ئەوە لەڕاستیدا هەڵوێستی دەسەڵات نیشان دەدات بەرامبەر داعش. ئەوە عەقلیەتی داعشە.

هاوسەرۆکی گشتییHDP باسی لەوە کرد کە ناتواندرێت بڕیاری دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا لەبارەی هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی HDP سەلاحەددین دەمیرتاش حسابی نەبوونی بۆ بکرێت و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بڕیارەکە پەیوەستە بە دۆسیەکەوە و پێویستە هەرچی زووە کاری پێویستی لەسەر بکرێت و گوتی: وەزیری ناوخۆ دەڵێت 'سکالا لەسەر پۆلیس کەمیکردووە .'سکالا لەسەر پۆلیس کەمینەکردووە. لەم وڵاتەدا متمانە بە هێزە ئەمنییەکان نەماوە. لە سروج هێشتا خێزانی شەنیاشار چاوەڕوانی یەکسانییە لە باخچەی نەخۆشخانەی گشتی. تۆ وەزیری ناوخۆ و ئەو شتانە نیت، بەڵکو ئەو کەسەیت تاوانباران دەپارێزیت. لەبەرئەوە کەس لە دەرگای پۆلیس نادات و سکالاکەی تۆمار ناکات.

هاوسەرۆکی گشتییHDP سەزایی تەمەللی لەبارەی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە ئەگەری هەیە لە ڕۆژهەڵاتی فورات ئەنجام بدرێت گوتی: دیسانەوە دەستکرایەوە بە لێدانی تەپڵی جەنگ. دیسانەوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ شەڕ لە ڕۆژئاڤا لە سووریا. ئێستا وەک قەڵغانی فورات و لقی زەیتون بۆ ناوێک دەگەڕێن. بە هۆی ئەم جەنگەوە زیاتر لە 500 هەزار سووری کوژراون و زیاتر لە شەش ملیۆن سووری ناچاربوون وڵاتی خۆیان جێبهێڵن. وەک بڵێی شار نەماوە تەخت نەکرێت لەگەڵ زەوی. دەسەڵاتێک هەیە کە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت لە بوونیاتنانەوەی شارەکان. ئێستا بەدوای ئەوەدان سووریا پەلکێشی شەڕێکی دیکە بکەن. هێشتا مشتومڕ لەسەر ئەوەیە کە داعش تەواو بووە یان نا. بەپێی دوا ڕاپۆرتەکان هێشتا 13 هەزار چەکداری داعش لە سووریا هەن. ئەگەر وا نەبووایە دوو هەفتە لەمەوبەر 208 هێرشی ئاسمانی ئەنجام نەدەدران. ئەگەر داعش تەواو بووە ئەو ئۆپەراسیۆنانە بۆچی؟ ئیدی هەموو مەسەلەکە لە مشتومڕی کشانەوەدا شاراوەیە. با هەموو هێزەکانی دەرەوە بە تورکیاشەوە لەوێ بکشێنەوە. پێویستە سەرەتا خەڵکی سووریا لە داعش ڕزگار بکرێت. لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتیەکی گرنگ دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی هاوپەیمانان. لەمەبەولاوە هەموو هێزەکانی دەرەوە کە ئەوێ پەلکێشی شەڕێ دەکەن دەبێت بکشێنەوە. دەبێت بەردەم پرۆسەی چارەسەری سیاسیی لە سووریا بکرێتەوە، ئەویش بە چوونە سەر مێزی گەلانی سووریا و بەرهەمهێنانی چارەسەرێکی هاوبەش دێتە دی .

سەزایی تەمەللی بە تیشک خستە سەر ئەوەی کە دەرفەتێکی مێژوویان لەبەردەمە بەر لە هەڵبژاردنە خۆجێیەکان گوتی: لە هەر شوێنێک شارەوانی بە قەییوم دانەدرابێت لە گەندەڵییەوە گلاوە. چونکە دامەزراندن بە قەییوم گەندەڵی سیاسییە. ئێستا ئێمە هەموو بەیەکەوە لە کۆی قەییوم هەبێت هەڵیان دەدەینە ناو زبڵدانی فاشیزم.

ترەمپ: سعوودیە یارمەتی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا دەدات

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند، سعوودیە ڕازی بووە بە پێدانی بڕە پارەیەک لەبری ئەمەریکا، کە بۆ مەبەستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا تەرخان کراوە. ترەمپ لە پێگەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ئاماژەی بەوەداوە کە سعوودیە یارمەتی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا دەدات و سوپاسی ئەو وڵاتەشی کرد.

ترەمپ نووسیوویەتی: سعوودیە، لەبری ئەمەریکا ڕازی بووە بە خەرجکردنی بڕە پارەیەکی تایبەت بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا. بینیتان؟ وڵاتانی دەوڵەمەند، یارمەتی دراوسێکانیان بدەن بۆ سەرلەنوێ بنیاتنەوەیان لەبری ئەمەریکا کە پێنج هەزار میل دوورە لێیەوە، شتێکی خۆش نییە ؟ سوپاس سعوودیە.

ئێستا کابینەکە 19 وەزیری هەیە و سێ وەزیر ماون پەسەندبکرێن

پەرلەمانی عێراق متمانە بە دوو وەزیری دیکەی کابینەکەی عەبدولمەهدی دەبەخشێت



ئێستا وەزیری ڕۆژی دووشەممە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دوو وەزیری دیکەی لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی پەسەندکرد و بەو چەشنەش کابینەکە 19 وەزیری هەیە و سێ وەزیر ماون پەسەندبکرێن. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست و کاندیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری کە فەیسەڵ ئەلجەربا بوو ڕەتکردەوە و دەنگدانیشی لەسەر کاندیدی وەزارەتی ناوخۆ دواخست.

نەوبراو لە هاوپەیمانی هێزە سونییەکانە و دەنگیشی بە پەسەندکردن بۆ نەوفل بەهاوکو وەزیری کێچ و کۆچبەران لە کابینەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی بەخشی و بەو پێیە ژمارەی وەزیرەکانی کابینەکە گەیشتن بە 19 وەزیر و هێشتا 3 وەزیری دیکە ماون پەسەند بکرێن کە ئەوانیش وەزیری وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری و دادن. ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی هەریەک لە شەیما خەلیل حەیالی بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە پەسەندکرد کە سیاسییەکانی هاوپەیمان تیایدا بڕیاریاندا لە دانیشتنەکەی پەرلەمان بکشێنەوە پاش ئەوەی کاندیدی وەزارەتی ناوخۆ خرایە دەنگدان. جێی ئاماژەیە پەرلەمانی عێراق لە 25ی ئۆکتۆبەر دەنگی لەسەر 14 وەزیری کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دا، بەڵام سووربوونی سەرکردەی ڕەوتی سەدر لەسەر کاندیدکردنی کەسانی بێ لایەن بۆ هەردوو وەزارەتی بەرگریی و ناوخۆ وایکردووە دەنگدان لەسەر ئەو دوو وەزیرە چەند جارێک دوابخرێت.



ئیندۆنێزیا...

هۆشداری لە دروستبوونی تسونامییەکی نوێ دەدرێ

بەهۆی تەقینەوەی گرکانی کراکاتوا لە گەرووی سوندا لە ئیندۆنێزیا، هۆشداریدرا لە دروستبوونی تسونامییەکی نوێ. گرکانی کراکاتو کە دەکەوێتە نێوان سومەترە و دووڕگەکانی جاوا لە ئیندینێزیا، دوای ئەوەی تەقینەوەی تیادا ڕووداو و جوواڵەی زیادیکرد بەڕپرسانی ناوچەکە هۆشداریاندا لەبارەی ڕووداوی تسونامی نوێ. دوای بیستنی دەنگی تەقینەوە لە گرکانەکە لە ناوچە کەناراوەکان، بەڕپرسانی تانژونگ لیسونگ داوایان لە خەڵکی ناوچەکە کرد لە کەناراوەکان دوورببکەونەوە، هەروەها داوایان لە تیمەکانی گەڕان و ڕزگارکردنیش کرد کە سەرقاڵی کارن ناوچەکە جێبهێڵن. لە کاتێکدا لە ناوچەی تانژونگ لیسونگ ڕێگە بە ڕۆژنامەنووسان نەدرا بچنە گوندێکەوە کە بە هۆی تسونامییەکەوە زیانی گیانی لێکەوتبووەوە، تیمەکانی گەڕان و ڕزگارکردن و یەکەیەکی سەربازیی کە لە ناوچەکە سەرقاڵی کاری ڕزگارکردنن دەستیان بە جێهێشتنی ناوچەکە کرد. ئاژانسی کارەساتە نیشتمانییەکان لە ئیندۆنێزیا دوێنێ لە ڕوونکردنەوەیەکیدا ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستا بە هۆی ئەو تسونامییەی ڕۆژی شەممە ڕوویدا، 373 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزار و 459 کەس بریندارببوون و، 128ی دیکەش بێ سەروشوێن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2018/12/26 ژمارە (5661)

سزاکانی ئەمەریکا بوونەتە هۆی هەژانی ئابووری ئێران

محەمەد شەریعەتمەدار:

لەگەڵ گەمارۆکانی ئەمەریکا، ڕێژەی بێکاری لە ئێران زیادی کردووە

جێگری سەرکۆماری ئێران، ئیسحاق جیهانگیری ئاشکرایکرد لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاکان لە لایەن ئەمەریکاوە، هەژان لە ئابووریی ئێراندا ڕوویداوە. ئیسحاق جیهانگیری لە میانی کۆبوونەوەی دامەزراوەی بالای هەلی کار کە لە تاران بە بەشداریی هەریەک لە وەزیری ئابووریی و دارایی، فەرهاد دەڤپەسەند، وەزیری کار، محەمەد شەریعەتمەداری، وەزیری وزە، ڕەزا ئەردەکانیان، وەزیری تەکنەلۆجیا و لێکۆڵینەوەی زانستیی، مەنسور غولامی، سەرۆکی فەرمانگەی میراتی کولتووریی، هونەری دەست و گەشتیاریی، عەلی ئەسغەر مونیسان و جێگری سەرکۆماری ئێران بۆ کاروباری ژنان و خێزان، مەعسومە ئیبتیکار، بەڕێوەچوو، گوتارێکی پێشکەشکرد. جیهانگیری ڕوونکردنەوەی سەبارەت بە کێشە ئابووریەکان و بێکاریی لە ئێران کرد و جەختی لەوەکردەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاکان لە لایەن ئەمەریکاوە، ژمارەیەک لە سێکتەرەکانی ئابووریی ئێران کەوتوونەتە ژێر فشارەوە. جیهانگیری ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ئەمەدا هەژان لە ڕێژەی هەلنەاوسان، گەشەسەندنی ئابووری، وەبەرهێنان و ڕێژەی بێ کاری ڕوویداوە.

جیهانگیری جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە کاری لە پێشینەی حکوومەت سووککردنی ئەو گوشارانە بێت کە لە ئەنجامی گەمارۆکان دێنە ئاراوە و ڕاشیگەیاند کە کارەکانیان لە ناوچە گوندەوارەکان چڕتر دەکەنەوە بۆ زیاترکردنی ڕەخساندنی ڕێژەی دامەزراندن. ئیسحاق جیهانگیریی ئاشکراشی کرد کە ژمارەی بێ کاران لە ئێران سێ ملیۆن و 200 هەزار کەسە. هاوکات وەزیری کاری ئێران، محەمەد شەریعەتمەدار گوتارێکی لە کۆبوونەوەکە پێشکەشکرد و ڕایگەیاند کە لەگەڵ گەمارۆکانی ئەمەریکا، ڕێژەی بێ کاری زیادی کردووە و جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەوان وەک وەزارەت کاری لە پێشینەیان زیاترکردنی بواری دامەزراندن دەبێت.





واشنتۆن پۆست: دەبێت ئەنجوومەنی پیران سووربێت لە سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و سعوودیە

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکی ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا جەخت بکاتەوە لەوەی کە دوای دۆسیەی ڕۆژنامەنووس جەمال خاشقجی، سوور بن لەسەر دووبارە دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و سعوودیە.

سعوودیە، محەمەد بن سەلمان وەک بەرپرسیار دەبینێت لە ڕووداوەکەدا و ئاماژە بەوە کراوە ئەمە دەرییەخات سیناتۆرەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی تەرمی خاشقجی پارچە پارچە کراوە و کردەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بووە.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەو کردەوەیە پەیامێک بووە بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنن ولە دەرەوەی سنووورەکانیانن و نووسراوە "لەسەرووی هەموو شتێکەوە، ئەم دەنگدانە و قبوڵکردنی لە لایەن ترەمپەوە، ڕەتکردنەوەی ڕەگەزپەرستیی زاڵمانەیە".



پرۆتێستۆکردنی ڕوحانی لە پەرلەمانی ئێران

پرۆژەیاسای بوودجەی ساڵی نوێ کە حکوومەتی ئێران پێشکەشی بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کردووە، بە هۆی ڕەخنەی توندی ژمارەیەک پەرلەمانتار، گرژیی لێکەوتەوە. وتارەکەی سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی کە تیایدا بەرگریی لەو پرۆژەیاسایە دەکرد کە پێشتر پێشکەشی بە سەرۆکی پەرلەمان، عەلی لاریجانی کردبوو، چەند جارێک لە لایەن پەرلەمانتارانی پارێزگای خوزستانەوە بڕدرا. پەرلەمانتارانی خوزستان، هیدایەتوللا خادیمی و مەجید ناسری نەژاد و نوێنەرانی ناوچەکانی دیکە لە میانی وتارەکەی ڕوحانی-دا کۆبوونەوە و کاردانەوەیان دژی سیاسەتەکانی حکوومەت لە هەمبەر کێشەی کەمی ئاو نیشاندا. تەنانەت خادیمی تا بەردەم ڕوحانی ڕۆیشت و کەوتە مشتومڕی توند لەگەڵی. زوو زوو لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان، عەلی لاریجانییەوە داوا لەو پەرلەمانتارانە کرا کە قسەکانی سەرکۆمار دەبڕن تا لە شوێنی خۆیان دابنیشن. ڕوحانی لە کەشێکی مشتومڕاویدا بەزەحمەت توانی وتارەکەی تەواو بکات و دوای وتارەکەی لە جیاتی ئەوەی لەو شوێنەدا دابنیشێت کە بۆی دانراوە، ڕۆیشت و پەرلەمانی بەجێهێشت.

سەرۆکایەتیی ڕووسیا لێدوانێکی ئەردۆغان ڕەت دەکاتەوە

کۆشکی کرملین (کۆشکی سەرۆکایەتیی ڕووسیا) لێدوانێکی سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەت دەکاتەوە. دوێنێ سێشەممە 2018/12/25 ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، بە گشتی لەگەڵ قلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیای فیدراڵ کۆ دەبێتەوە و تاوتوێی بڕیاری کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، دەکات.

دوای ئەو لێدوانەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، دیمیتری بیسکۆڤ، گوتەبێژی کرملین ڕەتی کردووەتەوە قلادیمێر پوتین لەگەڵ ئەردۆغان کۆبێتەوە و ڕایگەیاندووە، "پوتین هیچ پلانێکی بەپەلەی نییە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەردۆغان." شەوی چوارشەممە 2018/12/19ش، کۆشکی سپی (کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا) ڕایگەیاند، کە ئیدارەی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری گەڕاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، داوە.

ئەو هێزە. ئەمەریکییانە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و بۆ مەشقکردن بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە)، لە ڕۆژئاوای کوردستان و ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگری ببوون. هەسەدە هێزێکی سەربازییە و بە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، پێکهاتووە.



پاکستان.. نەواز شەریف دەگەڕێتەوە زیندان

دادگای باڵای پاکستان، سزای حەوت ساڵ زیندانیکردنی بۆ سەرۆکوەزیرانی لەسەرکار لادراو، نەواز شەریف کە لە دۆسیەی گەندەڵی تاوانبارکراوە، دەرکرد. کەناڵی "جیۆ نیوز" بڵاویکردەوە، دوای دەرکردنی سزاکە، نەواز شەریف لەناو هۆڵی دادگادا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە بۆ ئەوەی بخرێتەوە زیندانەوە.

هەروەها دادگا سزای دارایی بە 25 ملیۆن دۆلار بەسەر نەواز شەریف-دا سەپاند.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەداوە کە دەرکردنی سزاکە دوای ئەوە دێت کە نووسینگەی نیشتمانی بۆ لێپرسینەوە ئەنجامی کۆتایی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکان لە بارەی نەواز شەریف لە دۆسیەی گەندەڵییدا، ڕاگەیاندبوو.

پێشتر نەواز شەریف بە گەندەڵی تۆمەتبارکرابوو، ئەویش دوای ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی پەنەما پەیوەست بە وەبەرهێنان کە بەنهێنی ئەنجامیداوە. لە مانگی ئایاری ڕابردوودا، دادگای باڵای پاکستان زیندانیکردنی بە ماوەی جیاواز بۆ نەواز شەریف و کچەکەی و زاواکەی لە دۆسیەی گەندەڵییدا دەرکردبوو، بەڵام دوای تانەلێدان لەو سزایانە، دادگا ئازادی کردن. لای خۆیەوە نەواز شەریف کە بۆ سێ جار پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەرێوەبردووە، سەرجەم ئەو تۆمەتانەی کە لەبارەی گەندەڵییەوە خراونەتە پاڵی ڕەتکردووەتەوە.





کیفاح مەحمود کەریم

مەکینەی گەندەڵی و حیزب هەڵهێنان!

عێراقییەکان لەگەڵ دەستپێکی سەدەی ڕابردوو و دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحاد ئەلتەرەقی ئاشنای سیستەمی حزبی بوون، پێشتر هیچ سیستمی حزبی سیاسی بوونی نەبوو. پاش پێکهێنانی مەملەکەتی عێراقیش، هەندێ دەستەی عێراقی هەڵسان بە دامەزراندنی کۆمەڵە و حزبی ستوونی، دوای ئەوانیش حزبی نەتەوەیی و چەپڕەو سەربانهەڵدا، بەدەر لەحزبی شیوعی عێراقی ئەوانی دیکە لە ناوەکەیان بەوڵاوە هیچ پەیوەندی یا قوواڵییێکی جەماوەرییان نەبوو، وەک وتمان زۆربەی ئەو حزبانە وەک ئەوەی ئێستاش پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک ڕووەدات، لە ساتەوەختی هەڵبژاردن بەوڵاوە پەیوەندییان بە جەماوەرەوە نییە.

لە ساڵانی نێوان 1921 تا 1958 عێراق جۆرە دەستاودەست کردنێکی دەسەڵاتی لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بەخۆیەوە بینی، بەریتانییەکان لە دامەزراندنی نیزامێکی پادشایی پەرلەمانی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، تیایدا دەستەی سیاسی ئەو کات کورسییەکانی حکوومەت و پەرلەمانیان دەستاودەست دەکرد، بەڵام دۆخەکە هەر هێندەی خایاند تا ئەو کاتەی کۆمەڵە ئەفسەرێک بە پشتگیریی هەندێ حزبی پێشکەوتووخواز و نەتەوەیی لە سەرووبانەوە حزبی شیوعی عێراقی و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کودەتایەکی سەربازیی خوێناویان بەسەر ڕژێمی پادشایی ئەنجام دا، ئەو کودەتایە یا وەک ناونرا شۆڕش گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە نیزامی سیاسی هێنا ئاراوە، کۆماری عێراق شوێنی مەملەکەتی عێراقی گرتەوە، جیاوازی کەوتە نێوان لایەنگر و توخمەکانی لەسەر گۆڕینی کۆماری نەمر بۆ دەریاچەیەک لە خوێن لە ڕێگای ئەنجامدانی کودەتایەک لە مانگی شوباتی ساڵی 1963 کە بووە هۆی لادانی تاکە سەرکردەکەی و بەڕپابوونی زنجیرەیەک شەڕ و ململانێی خوێناوی کە تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دەگات هەر بەردەوامەو کۆتایی پێ نەهاتووە.

دوای ئەم باسە خێرایە، بۆ ڕۆژگاری پڕ لە نەهامەتی ئەمڕۆمان دەگەڕێینەوە، کە لە سایەی حزبە جوانکارییەکان و کێبڕکێی دەوڵەمەندبوونی خێرا کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەی کردووەو بڵاوبۆتەوە، بە ڕوونی هۆکاری گردبوونەوەی ئەو کۆمەڵانە دەردەخات کە لە ژێر ناونیشان و دروشمی بریقەدار بەدوای پاروویی حەرامدا وێڵن، ئەو جۆرە کەسانە دەستپێک بە دروستکردنی ڕێکخراو یا دوکانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەستیان پێکردو دواتریش دامەزراندنی حزبی جوانکاری نێو مااڵن و عەشیرەتگەڕێتی، لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی بۆگەنە و لە لایەن وەبەرهێنەری گەندەڵ لە سەردەمێک کە ڕەنگ و زەوقەکان تێکەڵ بە یەک کراوە بەرهەمهێنراوە، ئاستەمە باش و خراپ لە یەک جیا بکرێتەوە، هەربۆیە دامەزراندنی ڕێکخراو و حزبە جوانکارییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعی کۆمەاڵیەتی یا پێداویستی قۆناغەکە یا خەڵکەکەوە نەبووە.

لە وڵاتانێکی وەک ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاو فەرەنسا و دەیەها وڵات و کۆمەڵگای هاوشێوە وڵات و کۆمەڵگاکەمان ژمارەی حزبە سەرەکییەکانیان لە پێنج حزب تێپەڕ ناکات، دەستاودەست کردنی دەسەاڵت لە نێوانیاندا لەسەر بنەمای چۆنیەتی ئەداو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و بەرنامە کارەی بە دەنگدەرانیان دابوو هەروەها ڕازیبوونی جەماوەر لە کارەکانی، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کە هەر ئەمەشە هۆکاری پاراستنی سەنگینی ئەو کۆمەڵگایانەو سەقامگیربوونی ئاسایش و بەرقەراربوونی ئاشتەوایی کۆمەاڵیەتی تیایاندا، لە کاتێکدا نێمە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بەسەر دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق و 15 ساڵ بەسەر (جێبەجێ کردنی دەستاودەستکردنی دیموکراتیانەی دەسەاڵت) لەسەروبەندی دوایین هەڵبژاردندا، (204) قەوارەو حزبی سیاسی، کە دەگمەنە تۆزەڕێک بتوانێت دە حزب بە واتا زانراوە سیاسی و میژوویییەکەی لە عێراق و کوردستان لە نێو ئەو حزبانە بدۆزێتەوە. هەر ئەمەشە هۆکاری بەرهەمهێنانی پەرلەمانێکی پەککەوتە، پەرلەمانێک کە خۆی هەر لە بنەڕەتەوە لەبەر ئەوەی بەنیوەی دەستەکەی (کە نیوەکەی دیکە ئەنجوومەنی فیدراڵییە لەاڵیەن نەهەنگە مەزهەبی و نەتەوەییەکان ڕەتکراوەتەوە) کار دەکات نیوە پەککەوتەیە، سەرەڕای نوقسانیشیان ئەندامانی ئیمتیازاتێکی زۆری دزیارییان پێ دەدرێت کە لە هیچ وڵاتێکی دەوڵەمەندو هەژار وێنەی نییە، ئەمەش وایکردووە گردبوونەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو پێگانە و دامەزراندنی حزبەکان ببێتە یەکێ لە قێزەوەنترین کاری گەندەڵی لە جیهانی سیاسەتدا.

ڕاستی گوتووە ئەو کەسەی کە گوتوویەتی "خێر لەدەوڵەتێک نابینیت ئەگەر ژمارەی حزبەکانی زۆر بێت!!!".

و: خالید گەردی

لە یادی 42 ساڵەی داستانی شارستێن
داستانی شارستێن گڕکانی شۆڕشی گوڵان بوو



محەمەد عەلی*

لە یادکردنەوەی ئەمسالّی داستانی شارستێن، دەمانەوێ شڕۆڤەیەک لەسەر ئەو کات و ساتە بکەین کە رووبدا. کە باسی داستانی شارستێن دەکەین، ناکرێ باس لە رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی کاتی(قیادە الموقتە) و رۆڵی جەنابی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس و کاک مەسعوود نەکەین.



سالّی 1975 جەنابی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس و کاک مەسعوود زۆر بە وردی ئاگاداری ئەو بارودۆخە نالەبارە بوون کە لە کوردستان دەگوزەرا

لەدوای پیلانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەرنامەی بۆ دارێژرابوو، لە مانگی 1975/3 بارزانیی نەمر بانگهێشتکرا بۆ تاران و پیلانی جەزائیریان بۆ ڕوونکردەوەو پێیانراگەیاند کە دەبێ بە زووترین کات بڕیاری کۆتایی شۆڕش بدەن و ناوچەکانتان تەسلیم بکەن و هەموو خێزانەکان لە هەمەدان کۆبکەنەوە. جەنابی بارزانی کە گەڕایەوە بۆ کوردستان، کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەنجامدا و لە وردەکاریی پیلانەکە ئاگاداری کردن. فەرمووی ئەو پیلانە زۆر مەترسیدارە و دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئەو پیلانە لەنێوان عێراق و ئێران تەنها بۆ کۆتایی شۆڕش نییە، بەڵکو بۆ لەناوبردنی گەلی کوردە، ئەگەر درێژە بە شۆڕش بدەین، نەک هەر شۆڕشەکەمان لەم هەلومەرجەدا سەرکەوتوو نابێ، بەڵکو گەلەکەمان ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبێتەوە. فەرمووی: "بەڕای من پێویستە ئێمە شۆڕشەکەمان بکەینە قوربانی، بۆئەوەی گەلەکەمان سەلامەت دەربچێت. چونکە ئەگەر گەلەکەمان سەلامەت بێت، لەکاتێکی نزیکدا هەلومەرجەکان دەگۆڕێن و شۆڕش درووستدەکەینەوە".

جەنابی بارزانی لە شۆڕشی عەبدولسەلام بارزانییەوە تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول، ئەزموونی زۆری هەبوو لەسەر پێشهاتەکان. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بە سەرکردایەتی پارتی و کادیرانی سیاسی و فەرماندەکانی پێشمەرگە، دەیفەرموو: "ئەگەر سەرکەوتن، مەغروور مەبن و خۆتان بە خزمەتکاری گەلەکەتان بزانن، بەو هەڵوێستە گەورە دەبن. ئەگەر تووشی شکستیش بوون، نائومێد مەبن، بڕیاری بەردەوامبوون و کۆنەدان بدەن و چاوەڕوانی هەلومەرجی لەبار بکەن و وابزانن سەرکەوتنێکی گەورەتر چاوەڕوانتان دەکات".

ئەگەر دیقەت بدەین، هەموو ئەو بزووتنەوەو شۆڕشانەی مالّی بارزان سەرکردایەتیان کردووە، لە دوای شکستەکان، سەروەریی زۆر گەورەتریان بەدەستهێناوەو تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە.

کۆتاییهێنان بە شۆڕش لە سالّی 1975 کارەساتێکی گەورەبوو لەو سەردەمەدا، بەڵام هەروەکو بارزانی فەرمووی، گەلی کورد پارێزراو. لەگەڵ بڕیاری کۆتایی شۆڕش، ئەو تێکۆشەرانەی مالّ و خێزانەکانیان لە ئێران ئاوارەبووبون ،بەرەو ئێران ڕۆیشتن و ئەوانەشی لە عێراق بوون، بەرەو عێراق هاتن و خۆیان بەدەستەوەداو، چەکەکانیان لێوەردەگیرا و چەند پرسیارێکیان لێدەکراو دواتر پسوولّەیەکیان پێدەدان کە پێی دەگوترا (پسوولّەی عائیدون) ئینجا ڕەوانەی ناو مالّ و خێزانی خۆیان دەکرانەوە.

ڕژێم زۆر لەخۆبایی ببوو، پێویابوو، شۆڕشی کورد و کوردایەتی کۆتایی هات. زۆر بێمنەتانە کەوتنە دانانی پیلان و بەرنامەی کوشندە لە بەرامبەر کادر و فەرماندە و پێشمەرگە و دلّسۆزانی پارتی. ئەم بەرنامەی خوارەوەیان دارشت و جێ بەجێ کرد بێئەوەی هیچ ڕێزێک لە بڕیاری لێبوردنە گشتییەکەی خۆیشیان بگرن:

1- لە ڕێگەی دەزگاکانی ئەمن، کەوتنە کۆکردنەوەی کەسانی نەفس نزم و خۆفرۆش بۆ ئەوەی بەسەر تێکۆشەرانی کوردایەتیدا بیانکەن بە جاسووس، بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسانێکی دز و قۆڵبڕ و درۆزنیان کۆکردەوە کە سەر بە ئەمن بوون و ڕۆژانە تۆمەتیان بۆ کادر و پێشمەرگە و دلّسۆزانی پارتیان هەلّدەبەست، گوایە چەکیان هەیە، بێشەرمانە لە دەزگاکانی ئەمن ڕووبەڕوویان دەبوونەوە و شاهێدیان لەسەر دەدان، ئەگەر چەکیان هەبووایە یان نا، ئەوا دەبوایە پەیدای بکەن و تەسلیم بە دەزگای ئەمنی بکەن، ئینجا ئازاد دەکران، هەروەها زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دلّسۆزانیان دەدا.

2- بۆ هەموو گوندەکان موختاریان دادەمەزراند لەو کەسانەی بڕواپێکراوی ئەمن بوون، مانگانە بۆ هەریەکەیان (30) دیناریان بڕیبووەوە، بەڵام موختارەکان هەندێکیان خۆیان لە کاری خراپە دەپاراست.

3- لە هەموو گوندەکانی کوردستاندا ڕێکخستنی بەعسیان دادەمەزراند و شانەبەندییان درووستدەکران. دەبوایە هەموو ڕۆژانی هەینی ئەندامانی شانەی بەعس و موختارەکان بچنە مەرکەزی ناحیە و لە دەزگای ئەمن کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و لەوێ ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکران و زانیارییان لێدەردەگیرا.

4- لە مەرگەزی ناحیەکان و گوندە گەورەکان بارەگایەکیان دەمەزراندبو بەناوی (جمعیە) گوایە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری جووتیاران بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو (جمعیە)یە بنکەی بەعس بوو بۆ جاسووسیکردن.

5- بەرنامەی ئەمن بۆ ئەو دامەزراوانەی درووستیان کردبوون ئەوەبوو کە زۆر بەجدی چاودێری دلّسۆزانی پارتی و کوردایەتی بکەن لە جموجۆڵ و هەلّسوکەوتیان، وە لەڕێگاوبان و لە هەر گوندێک ئەگەر کەسێکی نەناسراویان بینی، داوای ناسنامەی لێبکەن و ئەگەر نەناسراوبوو دەستگیری بکەن و تەسلیم بە دەزگای ئەمنییەکانی بکەن. بۆ نموونە ئەم دوو ڕووداوە باس دەکەین:

أ-شێخ عارف شێخ کاکە ڕەزای سەرگەلّو لەسالّی 1975 نووسراوێکی بۆهاتبوو لە خزمەکانییەوە کە لەئێران لەدوای نسکۆ ئاوارەبوون، بۆ ئاگاداربوون لە هەوالّی سەلامەتییان، نامەکە لەلایەن عەبدولّلا ڕەش کە خەلّکی گوندی بێتوران دەژهەلاّتی کوردستان بوو گەیشتە دەستی شێخ عارف. بنکەیەکی (جمعیە) هەبوو لە گوندی سەرگەلّو، ئاگادارەبن کە شێخ عارف میوانێکی غەریبەی هەیە، چاودێری دەکەن تاکو ئەو بەیانییەی لەمالّی شێخ عارف دەردەچێ، لە ڕێگا عەبدولّلا ڕەش دەستگیردەکەن و لە بنکەی (جمعیە) بەندی دەکەن تاکو ئەمنی سورداش ئاگادار دەکەنەوە بۆئەوەی بیبەن و بیگوازنەوە. کاتێ شێخ عارف هەوالّی پێدەدرێ کە عەبدولّلا گیراوە بە دەمانچەیەکەوە بەرەو (جمعیە) دەڕوات و میوانەکەی ڕزگاردەکات. لەگەلّ عەبدولّلا ڕەش بەرەو ئێران دەڕوات و مالّ و خێزانی جێهێشت و ئاوارەبوو.

ب-لە سەرەتای هاتنی دکتۆر کەمال کەرکووکی (کادیری پارتی) بۆ ناوچەی جافایەتی، ماوەیەکی زۆر بە نهێنی سەردانی گوندەکانی دەکرد، ڕۆژێک لە گوندی خورخورە بەرەو گوندی یاخیان دەڕوات، عەبدولّلا ڕەش بێتورانی لەگەلّ دەبێت، کەسێک دێتەسەر ڕێگایان، دەڵێ ئێوە کێن؟ دەبێ خۆتان بناسێنن یان پێتشم بکەون بۆ ناحیەی بنگرد، چونکە ئەوە ئەمری دائیرەی ئەمن و مودیر ناحیەیە. نێوانی ئەو گوندە و ناحیە، چوار کاتژمێر ڕێگابووە ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو، دکتۆر کەمال چەکی لە لابوو کە شاردبوویەوە، چەکەکەی دەردەکات و دەڵێ تۆ پێتشم بکەوە نێستا لەو دۆلّە دەتکوژم هەی بێ غیرەت!.. کابرا زۆر دەپارێتەوە و داوای لێبوردن دەکات.

شایانی باسە کادر و فەرماندە و پێشمەرگە و دلّسۆزانی پارتی و شۆڕش ئەوەندە لەڕووی دەروونییەوە ئائومێدبوون بە دەستی کەسانی نەفس نزم و جاسووس، کە مردنی خۆیان بە ئاوات دەخواست. بەڵام ئەو تێکۆشەرانە لەلای جەماوەری دلّسۆزی کوردستان زۆر بەڕێزەوە سەیر دەکران.

6- بڕیارێکی مەرکەزیی ڕژێم دەرچوو، دەڵێ ئەوانەی تەسلیم بوونەوە بە خێزانەوە دەستگیریان بکەن و ڕەوانەی خواروووی عێراقیان بکەن و دەستبەسەربکرێن،بەتایبەت ئەوانەی لە بواری سیاسی و سەربازی و ئیداری بەرپرسیارێتیان هەبوو. بەم شێوەیە هەزاران تێکۆشەر بەر ئەو شالاّوە کەوتن و تووشی بارودۆخێکی زۆر خراپ بوون، بەڵام هیچ لەو تێکۆشەرانە ملکەچی بەعسییەکان نەبوون.

جەنابی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس و کاک مەسعوود زۆر بە وردی ئاگاداری ئەو بارودۆخە نالەبارە بوون کە لە کوردستان دەگوزەرا. هیچ دەرەتانێک بۆ تێکۆشەرانی کوردایەتی نەمابوو. جەنابی بارزانی، کاک ئیدریس و کاک مەسعوودی ڕاسپارد بۆئەوەی چاویان بەو کادر و فەرماندانەی سەرکردایەتی و ئەو کورپەڕووانە بکەوێ کە نەبەزبوون و بە خۆڕاگری مابوونەوە و بەپەلە چارەسەرێک بۆ بارودۆخە ترسناکەی کوردستان بدۆزنەوە. هەردوو بەڕێزان (کاک مەسعوود و شەهید ئیدریس بارزانی) بە شێوەیەکی زۆر نهێنی دەستیانکرد بە چاوپێکەوتنی بەشێک لە کادرانی سەرکردایەتی پێشوو و فەرماندە تێکۆشەرەکان. ساواکی ئێران (دەزگای هەوالگری شای ئێران) زۆر بەتوندی چاودێری جموجۆڵی تێکۆشەرانیان دەکرد. لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و چەندین کۆبوونەوە لە لایەن بەڕێزان (مەسعوود و شەهید ئیدریس بارزانی)، بڕیار درا کە سەرکردایەتییەکی کاتی درووستبکەن بەناوی(قیادە الموقتە)، تاکو کۆنگرەی داهاتوو(قیادە الموقتە) بڕیاریدا کە دوو ڕێکخستنی هەرێمی درووست بکرێ و بە نەخشە و بەرنامەوە ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە بۆ وشیارکردنەوە کە پارتی دەستی بە کاروباری پارتایەتی کردووەتەوە. هەرێمی یەک بۆ پارێزگای دهۆک و هەولێر و هەرێمی دووش بۆ پارێزگای سلێمانی و کەرکووک. ئێمە لێرەدا باس لە ڕۆڵ و چالاکیی هەرێمی دوو دەکەین، لەبەرئەوەی لەگەلّیدابووین و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیمان هەبووە.

لەمانگی 1976/4 خزمێکی کاک فەقێ ئیسماعیل یاخیانی بەناوی (مەحمود عەلی کوێخا) کە ئامۆزای بوو، نامەیەکی کاک فەقێ ئیسماعیلی بۆهێنابووم کە تێیدا نوسرابوو: "دەبێ زۆر بەنهێنی شەوێک سەردانم بکەی لە گوندی سێدەر". منیش ئەوەندەی بیرم دەکردەوە، نەمتوانی کەس بکەم بە هاوڕێی ئەو سەفەرەم، لەبەرئەوەی دۆخەکە زۆر هەستیار و مەترسیداربوو. بەڵام کاک عەبدولّلا خوڕخوڕەییم کردە هاوڕێی ئەو سەفەرەم. کاک عەبدولّلا یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی، ئێستا لەشاری ڕانیە نیشتەجێیە. کە گەیشتینە لای کاک فەقێ ئیسماعیل، جیای کردمەوەو گوتی: "پارتی، سەرکردایەتی کاتی دروووستکردووە بۆ ڕێکخستنەوەی پارتی لە کوردستان، دوو کەسیان نارد بۆلای من کە نامەیەکی کاک ئیدریس بارزانییان بۆ هێناوم بۆئەوەی هاوکارییان بکەم، ئەوانیش شێرکۆ شێخ عەلیی سەرگەلّو و شێخ عەزیز شەدەلّەیین، ناوی هەندێ کادر و کەسایەتییان لابوو، وێستیان چاویان پێیان بکەوێ، یەکێ لەوانە تۆبێت، تاکو ئەو ئیوارەیەش چاوەڕوانییان کرد، بەڵام دوایی بۆلای گوندی سەرگەلّو ڕۆیشتن، دوو شەویان پێدەچێ و دەگەڕێنەوە بۆلام، منیش بڕیارمداوە هەموو هاوکارییەکیان بکەم" هەرواها گوتی: " تۆ هەر ئەمشەو بگەڕێوە، کە ئەوان گەڕانەوە، دەنێرم بەدواتدا".

من گەڕامەوە، دەبوایە بۆ بەیانییەکەی خۆم پیشانی موختاری گوند بدەم. کاک فەقێ ئیسماعیل دوای سێ ڕۆژ نامەیەکی بۆنardم، دەڵێ: "شێرکۆ ڕۆیشتووەو شێخ عەزیز گەڕاوەتەوە لای من و لە شوێنێکی ئەمین دامناوە، نامەیەکی بۆ کاک ئیدریس نارد ووە و لە بارودۆخەکە ئاگاداری کردووەتەوە، چاوەڕوانی وەلاّم دەکات، منیش بەڕەو گوندی یاخیان ڕۆیشتووم و تۆش ئاگاداری خۆت بە".

لە مانگی 5ی 1976 دکتۆر کەمال کەرکووکی لەگەلّ عەبدولّلا ڕەش بێتورانی لە سنووری ئێرانەوە هاتە گوندی بێکەلّۆ و لەگەلّ کاک فەقێ ئیسماعیل و شێخ عەزیز یەکتریان گرتەوە. دکتۆر کەمال ماوەیەک لەگەلّ عەبدولّلا ڕەش سەردانی هەندێ لە گوندەکانی کرد، دواتر لەگەلّ کاک فەقێ ئیسماعیل و شێخ عەزیز بەرنامەی کاریان دانا کە بکەونە سەردانی کەسایەتی و دلّسۆزانی کوردایەتی. بەرنامە وابوو لە سەرەتاوە زۆر بەنهێنی کاری ڕێکخستنی پارتایەتی و ئاگادارکردنەوەی تێکۆشەران بکرێ، کە پارتی دەستی بە کاروچالاکی کردووەتەوە، بۆئەوەی جارێ دوژمن هەست بە چالاکییەکان نەکات. چەند مەفرەزەیەکی سەرەتایی درووستکران بۆئەوەی بە شەوان هاوکاری دکتۆر کەمال بن بۆ سەردان و بەسەرکردنەوە، بەڵام دلّسۆزیی تێکۆشەران، بەتایبەت کادر و پێشمەرگەکانی پارتی ئەوەندە بەهێزبوو، بەرنامەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو، هەرکەسێک چەکی مابوو، دەڕیهێنا و خۆی بەست و بوو بە پێشمەرگە. تا ئەو ساتەوەختە پێشمەرگە و دلّسۆزانی شۆڕشی ئەیلوول خۆیان لە جاسووسەکان دەشاردەوە، بەڵام بارودۆخ گۆڕا و ئەوجا جاسووسەکان خۆیان پێشمەرگە و کادیرانی پارتی دەشاردەوە.

دکتۆر کەمال دەستیکرد بە جەولەکردن لە بناری پشدەر و بناری ئاسۆس و مەرگە و دۆڵی جافایەتی و سنووری ناحیەی سوراداش و گوندەکانی شارباژێر و ناحیەی ماوەت. لەگەلّ سەردانی دکتۆر کەمال و مەفرەزەکان بۆ هەر گوندێک، کۆمەلّێک تێکۆشەر چەکیان هەلّدەگرت و بەگەلّ مەفرەزەکان دەکەوتن. دکتۆر کەمال زۆر بە ئومێد و ئازابوو، قوتابی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی تاران بوو، لە ژیانیدا ئەو ناوچانەی نەبینیبوو، لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو کە توانی ئەو هەموو هێز و تێکۆشەرانە کۆبکاتەوە. کاک فەقێ ئیسماعیل و شێخ عەزیز و ستایشە کە بەوپەڕی توانایەوە لەگەلّ خزم و کەسوکار و دانیشتوانی گوندەکانی جافایەتی هاوکاری و پالپشتییان بۆ پارتی و پێشمەرگەکان کردەوە. هەمووان دەرگایان لەسەر پشت بوو بۆ خزمەتی پێشمەرگە و کادیرانی پارتی. کە شەهید بایز و شەهید عەبدولّلای برای بە مالّ و خێزان و کۆمەلّێک پێشمەرگەی ئەیلوول هاتنە ڕیزی پێشمەرگایەتی و هێزێکی مەعنەوی زۆریان بە شۆڕشگێڕان و هێزەکانی پارتی بەخشی. لە مانگی9ی سالّی 1976 کاک بایز داوای لە دکتۆر کەمال کرد کە چالاکییەکی سەربازی ئەنجام بدەن، شەوێک بەسەرپەرشتی دکتۆر کەمال و هاوکاریی کاک بایز، هێزێکی پێشمەرگەکانی پارتی پەلاماری بارەگای ناحیەی (بنگرد)یاندا و ماوەی دوو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو. ئەو شەڕە ترسێکی زۆری دا بە دەسەلاّتدارانی ڕژێم لە سنووردکە.

لە ڕۆژی 1976/9/11 لە گوندی (یاخیان) بە هەلّبژاردن لە نێوان (12) کادردا لیژنەی ڕێکخراوی بنگردمان هەلّبژارد بەسەرپەرشتی دکتۆر کەمال و ئامادەبوونی کاک فەقێ ئیسماعیل، لیژنەی ڕێکخراو بڕیتی بوون لە بەرپرسی ڕێکخراو و چوار ئەندام ڕێکخراو، ئەرک و کار بەسەر کادرەکاندا دابەشکرا. ڕژێم ڕۆژ بەڕۆژ لە بەهێزبوونی پارتی و کۆبوونەوەی جەماوەر و پێشوازییان دەترسا، ئینجا بڕیاریاندا لە سەربازگەی دووکانەوە دوو فەوجی سەربازی بەپێڕۆ ڕەوانەی ناوچەی مەرگە بکەن، بەتایبەت گوندەگانی جافایەتی. لە ئیوارەی ڕۆژی 1976/12/25 ئەوە دوو فەوجە لە چیای قەرەسرد بەرەو گوندی سێدەر و گوندی شارستێن هاتن. من و شەهید بایز مالّمان لە گوندی خورخورە بوو، لەو دەمەدا دکتۆر کەمال میوانی کاک بایز بوو، بەیانی زوو پێشمەرگەیەکی لقەکەی کاک بایز هات بۆلام گوتی دکتۆر کەمالّ دەڵێ ئێستا بێت بۆ مالّی کاک بایز. ئەو شەوە هەر لەئیوارەوە باران بوو، کەشوهەوا زۆر سارد و سەرمابوو، کە گەیشتم، لەبەردەم مالّی کاک بایز چاوەڕوانی منیان دەکرد. دکتۆر گوتی ئەمشەو سوپای عێراق بەرەو گوندی سێدەر هاتوون، دەبێ بەرەو ئەو هێزە بڕۆین، نزیکەی بیست پێشمەرگە کۆکرابوونەوە، کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی سێدەر، کە لەگوندی (شارستێن) هێزەکانی پارتی نزیک بوونەوە، نەیانزانیبوو فەوجێکی تر لەناو گوندی شارستێن جولاّوە بەرەو گوندی دۆڵەبی. دوو پێشمەرگەی پارتی بەناوەکانی (حەمەدەمین حەمەعەزیز و حەمەدەمین ئیسماعیل) لە بەرزاییەکەوە دەبینن کە دکتۆر کەمال و پێشمەرگەکان ئاگایان لەو هێزەی ڕژێم نییە کە گوندەیان دەستگیرکرد و بە کۆپتەر گواستیانەوە بۆ سەربازگەی دووکان و کەوتنە بەر لێدان و ئەشکەنجەی جەلادەکانی ڕژێم.

هەر لە کار و چالاکییەکانی سەرکردایەتی کاتی، دکتۆر کەمال ڕێکخستنی لەناوشاری قەلاّدزێ دامەزراند. بەهۆی خیانەتی کەسێکی خۆفرۆش بەناوی(محەمەد عەرەب) ئاشکرابوون کە 9 تێکۆشەربوون و 7 کەسیان لێ گوللەباران کرا.

سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێشخەری کرد بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە دوای نسکۆ(1975) داستانی شارستێن یەکەم شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێم بوو کە زەنگی بەردەوامبوونی شۆڕشی ئەیلوول و کۆڵنەدان لەنێو شۆڕشی گوڵاندا بە گوێی دوژمنانی کورد چڕپاند و ئومێدێکی زۆری بەخشی بە دلّسۆزانی کوردایەتی کە شۆڕش کۆتایی نەهاتووە و بەردەوامە.

ئەو هەستانەوەی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول ڕژێمی ناچارکرد کە بەشێوەیەکی تر هەلّسوکەوت لەگەلّ خەلّکی دلّسۆزی کوردستان و کادیرانی پارتی بکات، هەموو ئەو تێکۆشەرانەی بە خێزانەوە ڕەوانەی خواروووی عێراق کرابوون، ئازادکران و بە سەربەرزی گەڕانەوە. ڕژێم ناچاربوو و هەولّیدا هەموو پێشمەرگە و فەرماندە و کادران لە داموددەزگاکانی حکومەت دابمەزرێنێ و بیانکاتە مووچەخۆر بۆئەوەی جارێکی دیکە نەڕۆنەوە ڕیزی شۆڕش.

لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ڕژێمی عێراق تێگەیشت کە پیلانی جەزائیر بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلوول هیچ سوودێکی پێنەگەیاندوون، بەڵکو بە سوود و قازانجی دەوڵەتی ئێران کەوتۆتەوە کە بەشێکی زۆر لە ئاوی کەنداو و سنووری خاکی عێراقی شێخ بزێنی). ئەو شەوە تەرمی هەموو شەهیدەکان گوازرانەوە، تەنها تەرمی شەهید عەبدولّلا دەرباز نەبوو، پێشمەرگەکان زۆر ماندوو و هیلاک بوون، بۆ ماوەی 12 کاتژمێر بێ نان و ئاو لەبەر باران بەشێکیان کەوتنە گواستنەوەی تەرمی پیرۆزی شەهیدەکان و بەرەو گوندەکانی دەوروبەر کشانەوە.

ئەو شەوە هێزەکەی ڕژێم (سوپای عێراق) لەناو گوند مایەوە و لەناو مالّ و خێزانی گوندەبوون، بۆ بەیانی هاتنەدەرەوە و دانیشتوانی گوندی شارستێنیان کۆکردەوە، سەرەتا لاشەی هەموو کۆژراوەکان و بریندارەکانیان پێ کۆکردنەوە و بە کۆپتەر بەرەو دووکان گوازرانەوە. هەر لەڕۆژی 1976/12/27 حاجی مەلا ڕەسوڵ پێشنوێژ و واتربێژی مزگەوتی گوندەکەیان دەستگیرکرد و لەگەلّ خەلّکێکی زۆر لە ژن و منداڵ و پیرولاوی ئەو گوندەیان گوللەباران کرد کە ژمارەیان 15 شەهید و 17 بریندارببوو، زیاتر لە100 کەسی دیکەی دانیشتوانی ئەو

*** پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، کادیری پارتی**

هەنگاوە ئیدارییەکانی کابینەی نۆیەم



8

د. حەکیم مێرگەسۆری*

ئێستا یەکێک لە مژارە هەرە گەرمەکانی گەنگەشەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شەکەت و ماندووی ئەم هەرێمە، کاندیدبوونی بەرێز مسرور بارزانییە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر گوێمان بۆ تەتەڵە و مقۆمقۆکان شڵ بکەینەوە ئەوا گوێبستی چەندین پرسیاری جیاواز دەبین، کە نووسەر هندێکیان بەرجەستە دەکات: دەبێ رۆژیا و ئامانج و ستراتیژی و پلانی چوار سالّی داهاتوو چ بێت؟ چۆن کوردستان لەم ئاڵنگارییە سیاسی، ئابوورییە، رزگار دەکرێت؟ ئایا بەرەنگاری گەندەڵکاران دەبێتەوە؟ ئایا دەتوانێ متمانەی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست بهێنێت؟ ئایا ئەم کابینەیە دادپەروەری و هەڤپەرەیتی دەکاتە سەرمەشقی ئیشوکارەکانی؟ ئایا گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنییە، بە چ شێوازێک؟. هەروەک خوێنەری بەرێز تێبینی دەکات ئەوا ئەرکی سەرۆکی کابینەی داهاتوو ئاسان نیە و بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆ.

هەنگاوی هەشتەم: دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجامدانی چاکسازی

لە هەنگاوی پێشتر باسی کوالیتی خزمەتگوزارییەکانمان کرد کە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومی پێشکەشی دەکەن. بۆیە لەم هەنگاوە تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی دەستەبەرکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە و پاشان باس لەوە دەکەین کە بە چ شێوازێک دەشێ چاکسازیان تیا ئەنجام بدرێت.

هەروەک خوێنەری بەرێز دەزانێت، بەڵگەی بەرێوەبردنی ڕاسەقینەی هەر حکومەتێک بەرهەمەکەیەتی (ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەشی دەکات) کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە دەناسرێتەوە و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سوود و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕازیبوونی خەڵک. لە سەر بنەمای ئەم ڕوانگەیەوە وەزارەت و فەرمانگەکان پێویست بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕوانگەی جیاوازەوە باس لە ئامادەکردنی بیرۆکەی خزمەتگوزاری، گەڵاڵەکردنەکەی، دروستکردن و پێشکەشکردنی بکات. هەروەها ڕێکخستنی داواکارییەکان کە دابینکراون پێویستە هاندەر و پاڵپشتی کوالیتی هێنانەدی خزمەتگوزاری بێت.

لێرەدا نووسەر ئاماژە بە چەندین پرسی ئەم بابەتە دەکات:

پلاندانان بۆ هێنانەدیی خزمەتگوزاری ژبۆ گشت پرۆسەکانی تایبەت بە بەدیهێنانی خزمەتگوزاری پێویستە پلان دابڕێژرێت. ئەم پرۆسانە دەکرێت وەکو پرۆسەکانی جێگیر و بەردەوام هەژمار بکرێن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- پرۆسەکانی تەکنەلۆجی و ئەو ڕێنوماییانەی باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کردارەکان دەکەن.
- ڕەچەتەی ئامادەکردنی ئامرازەکان، کەرەسە خاوەکان، مەوادەکان و تێکەڵکردنیان و هتد.
- پەیڕەو و شێواز و داڕشتەکان بە خەسڵەتی ڕێکخستنی-ئیداری دادەنرێن کە پرۆسەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕێکدەخەن.
- ستانەرەکان کە بە ئامادەکردنی خزمەتگوزاری پەیوەستن و بۆ بەکارهێنانی بەردەوام لە وەزارەت و فەرمانگەکانی پەسەندکراوە.
- پلانی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی سیستەماتیک لە سەر داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان و چۆنیەتی ڕازیکردنیان.
- پلانی وەدەستخستن و سەرکەوتن.

پرۆسەکانی تایبەت بە هاوڵاتیان ژ زەروورەتی تایبەتمەندکردنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتی و ڕێساکانی دانراوی تایبەت بە بخرێتە گەڕ، کە

بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف

دیداری ئازادی ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو



بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینی لەدیوانی وەزارەت کردەوە کە کۆکەرەوەی سەرجەم ئایینە مۆڵەت پێدراوەکان بەپێ یاسای ژمارە5 ساڵی 2015 پەرلەمانی کوردستان .

لەبەشێکی تری وتەکەیدا رایگەیاند کە لە ڕاپۆرتە جیهانییەکانی تایبەت بەباتی پێکەوەژیان عێراق لە خراپترین ئەو ولاتانەیە کە مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پێشێل دەکرێ

پێچەوانەی هەرێمی کوردستان کە ئاماژەی بۆ کراوە کە هەرێمی کوردستان لانە و پەناگەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و ناوچەکەیە بەێ جیاوازی و

ئینتیمای ئایدۆلۆژی .

دواتر هەر یەک لەبەڕێزان رۆناکبیری گەلەکەمان مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق، بەڕێز قەشە زیا کەسایەتی ئایینی مەسیحی، پیر خدر سلێمان ئێزیدی ناس و فەهیم فەرهەنگ لە ئاینی بەهائییەکان هەریەکەیان بەبابەتێکی گرنگی پێکەوەیی و گرنگیدانی زێتر و پاراستنی پێکەوەژیان ووتەکانیان خستەروو ، هەموانیش جەختیان لەپاراستنی شوناس و ناسنامە و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان کردەوە کە وولاتی هەموانە و هەموانیش بەرگریکار و پارێزەری ئەو نیشتیمانە شیرینە بین.

دواتر ڕێز لێنانی تایبەت پێش کەش بەمامۆستایانی بەشدار بووی دیدارەکە کرا.



پلان بۆ هاتنی گەشتیاران دانراوە

پۆلیس ڕێوشوێنی ئەمنیی توند دەگرێتەبەر

گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێم رایدەگەیێنێت، پلانیان بۆ هاتنی گەشتیاران داناوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش دەڵێ، جیاواز لە ساڵانی پێشوو، ڕێوشوێنی ئەمنیی توندتر دەگرنە بەر، بەو پێیەی گەشتیارێکی زۆری ناوەڕاست و باشوور هاتوون و دێنە هەولێر. نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێم، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، باس لەو پلان و بەرنامانەی دەستەکەیان دەکات، کە بۆ ساڵی نوێ و هاتنی گەشتیاران ئەنجامی دەدەن، وەک چالاکی و فێستیڤاڵ هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، کە لە ناوچە بەفراوییەکانی هەرێم ئەنجامیان داون و بوونەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری گەشتیاران. لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بەرنامەیەکی تایبەتتریان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی شار و شارۆچکەکانی هەولێر هەیە، هێزە ئەمنییەکانیش لە پۆلیسی هەولێر و ئاساییش و پۆلیسی هاتوچۆ پێک هاتوون، کە لە دوێنێ شەوەوە دەستیان بە بەرنامەکانیان کردووە و لە دوای هاتنی سەری ساڵی نوێ کۆتایی پێ دێت.

ئەم ب شەف و ڕۆژ خزمەتا مالباتێن شەهیدا بکەین هێشتا ئەم د قەردارین



ل دیف بەرنامێ داریشتی یێ لقا ئێک سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک دگەل مالباتێن شەهیدێن سەربلند کۆمبۆ و دڤێ کۆمبۆنێدا بەرپرسێ لقێ گوت ب سایەی خوینا عەزیزێن هەوە ئەڤرو ئەم د ئازاد وئارامین وبخوینا کورێن هەوە سوبەهییا کوردستانێ ئەم گەش دبینین لێ ئەڤ هاریکاری و چارەسەریا ئەم بۆ مالباتێن شەهیدان دکەین ئەم ب ئەرکێ خو دزانین و تا دوماهیک هەناسەژی دێ هەردەم بەژنا خو ژبۆ شەهیدێن خو چەمینین.

ئامادەیی کوردستان یادی دامەزراندنی خۆی کردەوە



ڕێکەوتی 2018/12/24 قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان لە شاری هەولێر مەڕاسیمی خزمەتی لە40 ساڵ زیاتری خۆی بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر و چەندین بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی پەروەردە ساز دا.

ئەم مەراسیمە کە بۆ مێژووی قوتابخانەکە و هەروەها بەسەرکردنەوەی 14 بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و ئامادەکرا بوو تێیدا سەرەتا بەڕێوەبەری ئێستای ئامادەیی کوردستان مامۆستا وشیار مستەفا باسی مێژووی قوتابخانەکە و ئەو بەسەرهاتانەی تێدا کە ڕووی داوە لە ڕووی شۆرشی کوردییەوە لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە لە وتارێکدا پێشکەشی میوانان کرد.

دواتر داوای لە وەزیری پەروەردە کرد کەوا وتارێک لەم بارەیەوە پێشکەش بکات، وەزیری پەروەردە دکتور پشتیوان سادق ئامادەی بە ڕۆڵی قوتابخانەکان لە پیگەیاندن قوتابیانی کورد و پەرەپێدانی هزری کوردایەتی دا لە هەرێمی کوردستان کرد و قوتابخانەی کوردستان بە یەکێک لە نمونە بالاکانی پەروەردەکردنی کەسانی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر لە قەلەم دا.

دکتور پشتیوان سادق باسی لەوە کرد کە قوتابخانەی کوردستان یەکێکە لە نمونە جوانەکانی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان وە شایەنی ئەوەیە بە بەردەوامی کار لەسەر لەسەر ئەرشیفەکانی بکرێت و پێویستە قوتابیان و مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە بەبەردەوامی لەسەر سالیادی ئەم قوتابخانەیە بکەنەوە و ئێمەش وەکو وەزارەتی پەروەردە هەر شتێکیان پێویست بیت لە خزمەتیان دایین و بە یەکێک لە لانەکانی پەروەردە و فێرکردن و نیشتمان پەروەری هەژماری دەکەین.

دواتر پارێزگاری هەولێر باسی ڕۆڵ و گرنگی قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان و پێگەیاندنی قوتابیان و نوسەران و ڕۆشنبیران و سیاسیەکانی کرد و بە نمونەیەکی گەورەی لە قەلەم دا لە پایتەختی پێکەوە ژیانی هەرێمی کوردستان.

پاشان لە مەراسیمەکەدا چەند پرۆژەیەک لەسەر میژووی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە قوتابخانەکەیان بەدەست بووە پێشکەش کرا و ڕێزلێنان بەخشرایە 14بەڕێوەبەری پێشووی قوتابخانەکە. کۆتایی مەراسیمەکەش پێشکەشکردن و ڕێزلێنان بوو بۆ قوتابییە سەرکەوتووەکان و ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکە خوێندویانە و ئێستا گەیشتونەتە قوناغێکی گەورە لە ئاست بەرپرسیاریەتی ژیانیان.

شایەنی باسە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان لە ساڵی 1957ی زایینی دروست کراوە بەڵام ئەوکات ناوەکەی جیاواز بووە و لە ساڵی 1970گواستراوەتەوە بۆ شوێنی ئێستای و بووەتە ئامادەیی کوردستان و جگە لەوەی لە ڕووی ئەدەبی و سیاسیی و زانستییەوە دەستێکی گەورەی لە پێگەیاندنی قوتابیان هەبوو، لە ڕووی نووسین و ڕۆژنامەنووسیشەوە کاری گەورەی تێدا کراوە و چەندین گۆڤاری تێدا دەرکراوە وەک گۆڤارەکانی ڕەهێڵە و بیری نوێ و چوارچرا و کاروان و لانەی شێران و چرا.

لە 50%ی نۆژەنکردنەوەی کارەکانی قەڵای شێروانە کۆتایی هاتووە



خەبات ـ سەبریە یوسف: بەپێی ڕاگەیەنراوێکی قایمقامیەتی کەلار ، دوێنێ شەهاب حاجی ئەحمەد قایمقامی کەلار سەردانی قەلای شێروانەی کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ ستافی چاکردنەوەی زیانەکان گفتوگۆی کرد لە بارەی چۆنێتی چاکردنەوەکە و قۆناغەکانی کارکردن تێیدا. وێنەیەکی ڕاگەیەنراوەکە بەخەبات دراوە هاتووە تاوەکو ئێستا 50 لە سەدی کارەکانی سەرەوەی قەڵاکە کە بە کلاو فەرەنگی ناو دەبرێت تەواو بووە و هەروەها لە ناوەوەی چەند ژوورو ڕێڕەوی قەڵاکە نوژەن کراونەتەوە و کار کردن تێیدا بەردەوامە. لەڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە هەر لە میانەی سەردانەکەدا قایمقامی کەلار داوای لە ستافەکە کردووە کە شارەزایان لەبوارەکەدا هەیە بە وردی کار لەسەر چاکردنەوەی قەڵای شێروانە بکەن، چونکە ئەو قەڵایە وەکو ناسنامەو هەروەها میژووی کەلار و گەرمیانییەکانە و پاراستنی و هێشتنەوەی ئەرکە و پێویستە کاری زۆر باشی بۆ ئەنجامبدرێت. لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بەهۆی بومەلەرزەیەکەوە کە گورەکەی 7.3پلە بوو، بەشی سەرەوەی قەڵای شێروانە داڕوخاو و بەشەکانی دیکەش زیانیان بەرکەوت.

هەولێر... هەڵمەتی قیرتاوکردنی شەقام و جادەکان بەردەوامە



خەبات ـ سەید فەخرەدین: لە درێژەی چالاکییەکانی شارەوانی دوو چەند شوێنێک لەو سنورە قیرتاو دەکرێن. لەم بارەیەوە ئەندازیار مازن ئەحمەد بەڕێوەبەری شارەوانی دوو بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە ڕۆژانە تیمێکی خزمەتگوزاریمان هەیە بە مەبەستی بەدواداچوون لە سنوورەکەدا، بۆ دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هەر گرفتێک کە لەم سنوورەدا هەبێت و ئەم بەشە بەرپرسیارن بۆ بەدواداچوون لە کێشە و گلەیی هاوڵاتیان و گەیاندنی کێشەی هاوڵاتییان و چارەسەرکردنیان و ئەمەش لەسەر داخوازی بەرنامەی تیشک لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان بوو.

گوتیشی: توانیمان شە قامی سەرەکی گەنجان سیتی، ڕێگای سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر قیرتاو بکەین. هەروەها توانیمان چەند شوێنی دیکە قیرتاو بکەین. هەروەها داوا لە سەرجەم دانشیتیوانی سنووری شارەوانی دوو دەکەین هەر گیروگرفتێکیان هەبوو دەتوانن پەیوەندی هۆبەی فریاگوزاریمان بکەن کە سەربە بەشی خزمەتگوزاریە.

هاتووچۆی هەولێر ئاگاداریەک لەبارەی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری ئاراستەی هاووڵاتییان دەکات

لەئاگاداریەکدا کەوێنەیەک دەست مالپەڕی کوردستان تیڤی کەوتووە ، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕایدەگەیێنێت ، ئاگاداری هاوڵاتیان وئەو کەسانەی کەخەریکی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێرین لەبەشی مۆڵەتی هاتووچۆی هەولێر دەکەین بەهۆی ئەوەی ڕۆژانی 30 و31 و1/1/2019 کرایە پشووی فەرمی ، ئەو کەسانەی کە ڕۆژی ترای کردنیان خرابووە ئەم ڕۆژانە بۆقەرەبوو کردنەوەیان دەتوانن لە ڕۆژانی 01/1/2019 و13/1/2019 سەردانی بەشەکە بکەن. بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ڕاشیدەگەیێنێت ، ئەو کەسانە دەتوانن ترای خۆیان ئەنجام بدەن بەشێوەیەک کەئەوانەی ڕۆژی ترایان بۆدانرابوو لە 30/12/2018لەڕۆژی 10/1/ بچن بۆترای ، ئەوانەی کەڕۆژی 31/12یان بۆدانرابوو لەڕۆژی 13/1بچن بۆ ترایەکە.

بارزان..

هەڵمەتێکی کوتانی منداڵان دەستپێکرد

خەبات ـ مسلم دۆلەمەری

لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان هەڵمەتێکی کوتانی دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان دەستی پێکردوە بۆ ئەم مەبەستەش ئیبراهیم هادی حەسەن لێپرسراوی بەشی پاراستنی تەندروستی لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو پێی ڕاگەیاندین کە ئەم هەڵمەتە تەواوی دەڤەری بارزان دەگرێتەوە کەگشت منالانی خوار تەمەن 5ساڵی بەشداری کوتانەکە دەبن واتە لە یەک ڕۆژی تا 5 ساڵی و هەروەها بە پێی ئاماری تەندروستی خۆمان و پلانی کوتانەکەمان دەبێت8021 منداڵ لەسنورمان سودمەندبن لەم کوتانە. سەبارەت بە تیم و چۆنیەتی کوتانەکە گوتی : بەپێی بەرنامەو پلانەکەمان کوتانەکە لەڕێگەی 21 تیمی گەڕۆکمان دەبێت لە هەر پێنج ناحیەی سنورمان کە سەرەتا لە باخچەی ساوایان دەست پێدەکەین کە لەلایەن5 سەرپەرشتیارەوە سەرپەرشتی دەکرێن و دوو تیمی جێگیریشمان دەبێت لە هەردوو بنەکەی تەندروستی بلێ و گۆزەتوو.

www.xebat.net
چوارشەممە 2018/12/26 ژمارە (5661)

پاراستنی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی پێکهاتەی تورکمان و گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری کەرکووک جەختی لێکرایەوە



بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی پێکهاتەی تورکمان و گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری کەرکوک، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی دیسک پێشوازی کرد لە ریاز ساری کەهیە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی و شاندێکی یاوەری.

لە دیدارێکی نێوان بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و سەرۆکی پارتی تورکمانی ئیلی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆرانکارییەکان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان و گفتوگۆکان لەم بارەیەوە تیشکی خرایەسەر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی وێرایی بەخێرهاتنیان، رۆل و هەلویستی پارتی تورکمان ئیلی لە ماوەی رابردوو بەرامبەر پرسە نیشتمانیەکان و هەماهەنگی نێوان گەل و پێکهاتەی تورکمان و گەلی کورد لە پارێزگای کەرکوک و هەرێمی کوردستان بەرگری لە مافەکانی ئەو پێکهاتەیە کرد.

کەرکوک و 16ی ئۆکتۆبەرو تەسلیم کردنی شاری کەرکوک بەحەشدی شەعبی و کاریگەرییەکانی بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی پێکهاتەکان کردو تەئکیدی کردەوە روانینی پارتی بۆ ئیدارەی شاری کەرکوک و خزمەت کردن بەشارەکە دیارورونە، هەرلەم دیدارەدا عەلی حسێن نەهج و بەرنامەی نەوزیری پارتی بۆ زیاتر ئارامی و سەقامگیری کوردستان و خزمەت کەرکوک و هەرێمی کوردستان بەگرنگ بۆ برایەتی و پێگەوە ژیان و بەرژەوەندی گشتی وەسف کرد، هاوکات باسی بارودۆخی کردن بە تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا کارگێرێن لقێ سەرا دێرێن کرستیانا ل سەنتەرێ پارێزگەهێ و دگەل مالبات و کەسایەتی و پێشمەرگێن کرستیانان خست ،


سەربەست تروانشی گوت ئەڤرو ئەم خو ب سەر بلند دبینین د بون و هەلکەفتێن هەوەتن کرستیانااندا ئەڤ جەژنە ل هەوە پیروز دبیت و ئەڤرۆ ئەم هەمی ب هەڤرا لبن چەترا ڤێ نازادی و ئارامی و ئاسایشا هەرێما کوردستانێ دکارین ب ئازادانە خوشییێن خوە دەربرین کۆ دبیت ل هند جهێن دی تێن ئیراقێ ئەڤ ئێکە نەبیت لەوما کوردستان بویە ڕەشمالا هەمی ئۆل و ئاین و نەتەوان لەۆما بڤێ ڕەشمالێ کوردستان جوانتر کریە .

مەتران ربان القیس مەترانێ کلدانا ل زاخو و ئامێدی و دهۆکێ گۆرت سوپاسیا هەمی خەلکێ کوردستانێ و ب تایبەت یێ دهوکێ دکەم کۆ ئەڤرۆ ئەم دبینین نەبتنێ کرستیان دناڤ دێرێ دانە ژ بۆ پیرۆزباهیکرنێ بەلکۆ باراپترێ موسلمان و ئۆلا و تەخێن دیترن و ئەڤ چەندە ژی بو وێ تەباهی و ئارامییا کوردستانێ دزڤریتە ڤە لڤێرەدا سوپاسیەکا تایبەت ئارستەی بەرێز سەروک مسعود بارزانی و کاک سەربەست تروانشی و هەڤالێن وی دکەم کۆ هەرگاڤ پشتەڤان و هەڤکارێن مە بژینە بۆ هەر کارەکی ئەڤە ژی جهێ شانازیا مەبوبیە .

بەرپرسێ لقێ ئێک پیرۆزباهیا کرستیانا دکەت



سەرۆکی دامەزراوەی ئایینەکانی ولاتی لوبنان سەردانی وەزارەتی ئەوقاف دەکات



لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف د. دیار عزەدین جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی وداریی بەوەکالەت بەئامادەبوونی فەریدون حسن بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای سلێمانی و مەریوان نەقەشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان پێشوازی کرد لە د. فادی زەو سەرۆکی جێ بە جێ کاری دامەزراوەی ئاینەکان لەولاتی لوبنان، سەرەتای دیدارەکە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت بەخێر هاتنی بەڕێزیانی کرد بۆ هەرێمی کوردستان. دواتر د.فادی زەو ڕوناکی خستە سەر چالاکییەکانیان لەرۆژهەلاتی ناوەراست ئاماژەیدا کە دەمەزراوەکەیان لەسەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست کاردەکات بۆ باشترکردن و قولکردنەوەی گیانی خۆشەویستی نێوان ئاینیەکان، هەر لەدیدارەکە ستایشی رۆلی هەرێمی کوردستانی کرد لەبابەتی گرنگی دان بە پێکهاتە جیاجیا کان هەروەها ئاماژەیدا کە هەرێمی کوردستان خاوەنی ناوبانگێکی مەزنە ، بۆ ئەمەش جێ پەنجەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دیارە کە بۆتە سەکۆ و کۆکەرەوەی ئاین وئاینزاکانی هەرێم وناوچەکەش،دواترسەرۆکی دامەزراوەی ئاینەکان داوای لەبەرپرسانی وەزارەت کرد کە هاوکاریان بن بۆ ڕێکخستنی چەند چالاکیەکی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان ولاتی لوبنان لەئایندەدا،دواتر بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئامادەی وەزارەتی ئەوقافی نیشاندا بۆ هەر هاوکاری هەماهەنگیەک کە ئامانج لێی پێشخستن وبەرەو دان بێت بەباتی یەکریزی پێکەوەیی نێوان ئاینی وپێکهاتە جیاوازەکان ، دووپاتیشی کردەوە کە پرۆسەی پێکەوەیی بابەتێکی گرنگە بەئاراستەی هێمنی وتەبای گەلان بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان وەک چۆن پێشەنگە لەناوچەکە هەر بەم شێوەیەش بەردەوامی دەدات وەدەمێنێتەوە.

بەرپرسێکی ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان لەبارەی ڕووداوەکەی چەمچەماڵ داوایەک دەکات



بەڕێوەبەرێکی گشتی لە ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان داوا دەکات، بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووداوەکانی هاوشێوەی ڕووداوەکەی چەمچەماڵ، پێویستە سزای لەسێدارەدان کارا بکرێت.

پاش ئەوەی بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەمە 24ی 12ی2018 سێوان قادر، ئەو دایکەی هەفتەیەک لەمەوبەر سێ منداڵی بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە گیانی لەدەست دابوو و بۆ خۆیشی 90ی جەستەی سووتابو، گیانی لەدەست دا، کاردانەوەیەکی زۆر لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە درووست بوو و مامی سێوان قادر، هاوسەری ناوبراوی بەوە تۆمەتبار کرد کە پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە هەبووە.

لەبارەی هۆکارەکانی ڕووداوەکە و ئەو جۆرە کارەساتانە، کۆسار کەریم ڕۆژ، بەڕێوبەری گشتی لە ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: سەرجەم چالاکوانانی بواری مافەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کار دکەن و چالاکن، بەڵام بۆ ڕێگریکردن لەو جۆرە تاوانانە، پێویستە یاسا سەروەر بێت و سزای لەسێدارەدان کارا بکرێتەوە، هەروەها یاسای لێبوردنی گشتی پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و ئەو جۆرە تاوانانە لێبوردنی گشتی نەیانگرێتەوە.

باسیشی لەوە کرد کە هاوسەری ئافرەتەکەش قوربانیی کۆمەلکەیە، چونکە بەر لەو ڕووداوە، چەندین جار گرفت لە نێوانیاندا ڕووی داوە، بەڵام بۆ ئەوەی لەناو کۆمەلکە بەو ئافرەتە نەوترێت تەلاقدراو و شەرمەزار نەبن، دواتریش لەگەڵ یەکتر نەگونجاون، بەڵام ئاشتیان کردوونەتەوە، هەروەها لە تەمەنێکی منداڵیدا ئەو ئافرەتەیان بەشوو داوە، ئەوەش تاوانێکی دیکەیە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە تاوەکوو ئێستا دادگا هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لەبارەی کەیسی ئەو خێزانە و ئەو تۆمەتانە نەداوە کە ئاراستەی هاوسەرەکەی سێوان قادر دەکرێت.

300 پڕۆژە لە ساڵی 2018دا کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن و 93یان تەواو بوونە



بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان دەڵێ، دەست بە کارکردن لە زیاتر لە 300 پڕۆژەدا کراوە، کە پڕۆژەی ئاو، کارەبا، تەندروستی و پەروەردەیان تێدایە، بڕی تێچووی ئەو پڕۆژانەیش، 23ملیار دینارە.

ساڵی 2014 بە هۆی هاتنی تیرۆریستانی داعش و بڕینی بودجە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە، ڕەوشی ئابووریی کوردستان بەرەو خراپی ڕۆیبشت، بە جۆرێک هەموو پڕۆژەکان وەستان و چیتر کار لەو پڕۆژانە نەکرا، بەڵام بە هەوڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانرا ئەو ئابلۆوقە دارایییە بشکێندرێ و دۆخی ئابووریی کوردستان بەرەو باشتر بچێت، لە ساڵی 2018یشدا توانراوە300 پڕۆژە جێبەجێ بکرێن و پڕۆژەکانی تریش لە تەواوبوونداں.

زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: لە ساڵی 2018دا، دەست بە کارکردن لە 300 پڕۆژەدا کراوە و پارەیان بۆ خەرج کراوە، لەو 300 پڕۆژەیەش 93یان تەواو بوونە، بڕی تێچووی ئەو پڕۆژانەیش 23 ملیار دینار بووە.

سەبارەت بە پڕۆژەکان لە ساڵی 2019دا، بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان گوتی: هەوڵ دەدرێ لە ساڵی داهاتوودا ئەو ژمارەیە بەرز بکرێتەوە، پارەیەکی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ پڕۆژەکان، لە دوو مانگی کۆتایی 2018دا، 100 ملیۆن دۆلارمان بۆ بەڵێندەران خەرج کرد، لەو 100 ملیۆنەیش نزیکەی 95 ملیۆن دۆلار سەرف کراوە بۆ ئەو قەرزانەی کە قەرزداریان بووین، بەمەیش بارگرانییەکی زۆر لەسەر حکوومەت کەم بووەوە.

فەتاح ڕاشیگەیاند: چاوەڕوانی بەشەبودجەی ساڵی 2019 دەکەین لە پەرلەمانی عێراق پەسند بکرێت، تا بتوانین ئەو بەشەبودجەیەی کە بۆ ئێمە دیاری دەکرێت، لە پڕۆژەکاندا خەرجی بکەین، پڕۆژەکانیش هەموو بوارەکانی ئاو، کارەبا، تەندروستی و پەروەردەیان تێدایە.

بەفر چەند قەزا و ئاواییەکی سپیپۆش کرد

شەپۆلێکی بەفرباری زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەو هۆیەوە ڕێگەی دەیان گوند و ئاوایی گیراوە و تیمەکانی بەفرماڵێن خەریکی خاوێنکردنەوەی ڕێگاکانن بۆ ئەوەی گرفتی هاتوچۆ دروست نەبێت. لە سنووری قەزاکانی ڕانیە، چۆمان، ڕواندز، سۆران، میرگەسۆر و ئامێدی بەفر باریوە لە هەندێک گوند و ئاوایی، نزیکەی 20سم بەفر باریوە، لە زنجیرەچیاکانیش زیاتر لە 30سم باریوە. هەندێک لە بەرپرسانی ئەو قەزایانە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دووان و، دەڵێن، ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە سەنتەری قەزاکان، گوند و ئاواییەکان بەفر باریوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە تیمەکانی بەفرڕامالێن خەریکی خاوێنکردنەوەی ڕێگە گشتییەکانن، بۆ ئەوەی گرفتی هاتوچۆ دروست نەبێت، چونکە وەکو خۆیان دەڵێن، ئەگەر تا بەیانی بەو شێوەیە بەفرببارێت، ڕێژەیەکی زۆر بەفر دەبارێت، بەوەش گرفتی هاتوچۆ دروست دەبێت و هاوواڵتیان ناتوانن بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن.



پەیامی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 42ـەمین ساڵیادی داستانی پڕ لە سەروەری شارستێن دا

ـ خەلکی خۆ ڕاگر و کوردپەروەری کوردستان.
ـ جەماوەری بە شەرەفی دەڤەری مەرگە و پشدەر و بیتوێن و خۆشناوەتی.
ـ کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان.
ـ پێشمەرگە قارەمانەکان.

ئەمڕۆ 42ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر تۆمارکردنی شانازی و سەروەرییەکی دیکەی دەڤەرەکە و کوردستان، کە داستانی قارەمانانەی شارستێنی دەڤەری مەرگەیە .

دوای ڕێککەوتننامە خیانەتکارییە نێودەوڵەتییەکەی 6ی ئازاری ساڵی 1975لە دژی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ، ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس پێی وابوو کە ئیتر تا هەتایە کۆتایی بە شۆڕشی کورد هات و لەمەو دوا دەتوانێت گەلی کورد ملکەچی ویست و سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆی بکات ، بەڵام داستانی شارستێنی دەڤەری مەرگە لە ڕێککەوتی1976/12/26 وەڵامدانەوەیەکی توند بوو بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری و خەونە ڕەش و دوژمنکارییەکانی ئەو ڕژێمەی دژ بە گەلەکەمان لە گۆڕنا .

لەو داستانەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر ، بەرەنگاری سوپایەکی بەهێز و پڕ چەکی ڕژێمی ئەوسای عێراق بوونەوە ، کە لە چەندین قۆڵەوە بە چەکی قورس و بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی لە گوندی شارستێنی دەڤەری مەرگە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی کە بە سەرپەرشتی هەڤاڵ دکتۆر کەمال کەرکوکی لە ناوچەکەدا خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی شۆڕشی گولانی پێشکەوتوونخواز بوون ، ئەو شۆڕشەی کە درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو .

لە ئەنجامی بەرگری و شەڕێکی قارەمانانەدا کە ماوەی دوو ڕۆژی خایەند ، بەدەیان سەرباز و ئەفسەری ڕژێم کوژران و بەدەیانی دیکەیان لێ بریندار کرا، ئەم داستانە بە خوێنی7 شەهیدی فەرماندەی چاو نەترس تۆمارکرا بەناوەکانی: بایز عەبدوڵلا، عەبدوڵلا عەبدوڵلا ، علی اسماعیل ، مەمەند رسوڵ ، حمە ڕەش حاجی احمد، محمود حمە محمود، عبدالوهاب مستەفا لەگەڵ بریندار بوونی د. کەمال کەرکوکی و چەند پێشمەرگەیەکی تر، هەروەها 14هاوڵاتی گوندی شارستێن لە ئەنجامی گوللەبارانکردنی دڕندانەی سوپاکەی ڕژێم شەهید بوون کە مامۆستا مەلا ڕەسوڵ پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی گوندی شارستێن لەناو شەهیدەکاندا بوو، وە 17 هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون .

ئەو داستانە دەنگدانەوەیەکی فراوانی نێودەوڵەتی هەبوو ، میدیا جیهانییەکان بە گرنگی یەوە باسی ئەو داستانە و دەست پێکردنەوەی شۆڕشی کوردیان کرد ، هاوکات پەیامێکی بەهێز بوو بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس کە گەلی کورد و شۆڕشەکەی هەرگیز کۆتایی نایەت و چۆک دانادات تا بەدیهێنانی ڕزگاری یەکجارەکی ، لە هەمان کاتیشدا موژدەیەکی دڵخۆشکەر و پڕ لە وەرە و هیوا بوو بۆ جەماوەری ستەم دیدەی گەلەکەمان کە شۆڕشەکەی بەردەوامە و هەمیشە بۆ بەرگری و پاریزگاریکردن لە مەیدانداییە و ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدانێکە .

لەم یادە پڕ شکۆیەدا ... هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شارستێن و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد

بەڵێن دووپاتەکەینەوە کە درێژە پێدەری ڕێبازەکەیان بین ، کە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی یە.

بژی کورد ... بژی کوردستان ... بژی پێشمەرگە .

لقی11ی
پارتی دیموکراتی کوردستان
ڕانیە ـ 26/12/2018

باکووری کوردستان... بازاڕی کۆترفرۆشان لە ئورفا



ئەوانەی کە خولیایان بەخێوکردنی بالّندەیە لە لەشاری ئورفای باکووری کوردستان لە بازاڕێکدا کە کۆتایی هەفتە دادەمەزرێنرێت، کۆدەبنەوە. ڕۆژانی یەکشەمە لە کاپالّی چارشی (بازاڕی قەیسەری) لە ناوچەی هاشمییە، بە تایبەت مامەلّە بە جۆرەکانی کۆترەوە، هەر لە تەقلەباز، نامەبەر و جۆرەکانی دیکە، دەکرێت. کۆترەکان بە هۆی جەوانییی و سەرنجڕاکێشییانەوە دەبنە مایەی سەرنجی ئارەزومەندانی بەخێوکردنی ئەو بالّندانە.

ئەو بازارە کە هەر لەسەرلەبەیانی زووەوە هاوولاتیان و ئەوانەی خولیای بەخێوکردنی بالّندەیان هەیە ڕووی تێدەکەن، خواردن و دەرمانی جۆرەکانی بالّندەش دەفرۆشرێت. جگە لە مامەلّەکردن بە بالّندەکانەوە، جاری وا هەیە چەندین کەس ئارەزووی کڕینی هەمان بالّندە دەکەن و ئەوەش دێتە نێکی سەرنجڕاکێش بە بازارەکە دەبەخشێت.

لە شارەکەدا کە بەخێوکردنی کۆتر بووەتە خوو لە ڕۆژانی دیاریکراوی هەفتەدا لە "قاوەخانەی بالّندەکان" یان "خانەی بالّندەکان"دا بۆ جۆرە تایبەتەکانی کۆتر بازاڕ ڕێکدەخرێت. بەگشتی کاتەکانی ئێوارە ئەو کەسانەی حەزیان لە کۆترە کۆدەبنەوە و لەوێدا کۆتر دەکڕن و دەفرۆشن و زانیاریش لەبارەی بالّندەکانەوە وەردەگرن.

مستەفا چەتین کە یەکێکە لە بەخێوکەرانی کۆتر، بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە ڕۆژانی یەکشەمان لەوێدا کۆدەبنەوە. چەتین باسی لەوە کرد کە لە منداڵییەوە خولیای بەخێوکردنی کۆترە و ئێستا 30کۆترم هەیە. لە منداڵییەوە ئەم بازارە دەزانم. ئەوانەی دەیانەوێت کۆتر بکڕن و بفرۆشن بالّندەکانیان دەهێنن بۆ ئێرە. لێرە کۆتر هەیە لە 20لیرەوە بۆ 300.لە ئورفا کە شوێنی بەخێوکردن و فرۆشتنی کۆترە، کۆتری تیایە نرخەکەی 100 هەزار لیرەیە".



قەرنابیت چ گرنگییەکی بۆ لەش هەیە؟

توانا حەسەن

قەرنابیت، بەیەکێک لەو خواردنە سوود بەخشانە دادەنرێت سوودێکی بێ وێنە بەلەشی مرۆڤ دەگەیەنێت.توێژینەوەکان ئەوەیان خستووتەڕوو کە خواردنی قەرنابیت چەندین سوودی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و لە چەندین نەخۆشی دەمانپارێزێت، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە ماددەی کالسیۆم، هەروەها یارمەتیدەری لەشە بۆ ڕزگاربوون لە ماددە ژەهراوییەکان و پارێزەری لە تۆڕی چاو دەکات.توێژینەوەکان ئەوەشیان دەرخستووە کە قەرنابیت لە نەخۆشییەکانی دڵ دوورت دەکاتەوە.هاروەها یارمەتی لەش دەدات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆل و بەرگری لەلەش دەکات دژی نەخۆشیی شێرپەنجە. هەروەها بەسوودە بۆ پاراستنی پێست لە وشکبوونەوە و تیشکی خۆر.قەرنابیت سوڕی خوێن چالاک دەکات و بڕی پێویست ئۆکسجین دەگەیەنێت بە خوێن .



هۆشیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئیمەیل دەدرێت

بە گوێرەی ئاماری جیهانییەکان لە هەر ١٠٠ ئیمەیلێکدا ئیمەیلێکیان ساختەیە، مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیاریە کەسییەکانە. بە پێی هەواڵێکی وێبسایتی "thisismoney" هۆشیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئیمەیڵ دەدرێت و بۆ خۆپاراستن زیاتر لە دزینی زانیاریی کەسییەکان.

بە پێی ئاماری نێودەوڵەتی پاراستنی زانیاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نزیکەی ملیارێک ئیمەیڵ نێردراون، لەو ڕێژەیە تەنیا بەشێکی کەمی ئیمەیلّەکان بێ مەبەست نێردراون و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسی و ئەنجامدانی ساختەکاری نەبووە.بە پێی زانیارییەکان کێشەکان زۆر لەوە گەورەترە کە پێشبینی دەکرێت و ئەگەری هەیە ڕێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە بچێت.دەزگاکانی پاراستنی زانیاری ڕێنمایی دەدەن کە هەرشتێکت بۆ هات لەڕێگەی ئیمەیلّەوە باشترە چێکی بکەیت، چونکە ئەگەری هەموو ڕووداوێک هەیە، تەنانەت ئەگەری هەیە زیان بە کۆمپیوتەر و مۆبایل بگەیەنێت

نەخۆشی ڕەبۆ هۆکاری قەڵەویی منداڵانە



ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە، ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی ڕەبۆ بوونەتەوە لە مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی دان. قەڵەویی بەو هۆکارانە گرنگانە هەژمار دەکرێن کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ڕەبۆ. هەروەها ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکان پیشانی داوە کە نەخۆشی ڕەبۆ دەتوانێت کە منداڵ ڕووبەڕووی تووشبوون بە نەخۆشی قەڵەویی و زیادەکێش بکاتەوە .توێژەرانی ئەمەریکی دوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر 21هەزار منداڵ لە 9وڵاتی ئەورووپایی لە ماوەی سێ تا چوار ساڵی ئەو نەخۆشییە ئەنجامدا . دواتر لە ماوەی 8ساڵ لە ژێر چاودێری بوون. توێژەران بۆیان دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی کە تووشی ڕەبۆ بوونەوە بە ڕێژەی 66لەسەدا تووشی قەڵەویی ببوونەوە.بە ووتەی توێژەرانی ئەمەریکی، نەخۆشی ڕەبۆ دەبێتە هۆی چالاکیی جەستەیی منداڵ کەم بێتەوە ئەوەش دەتوانێت ڕووبەڕووی نەخۆشی قەڵەویی بکاتەوە . هەروەها کورتیکۆژیسرۆئیدەکان تایبەت بۆ هەڵمژین بۆ چارەسەری منداڵ بەکاردەهێنرێن کە ڕەنگە ببێتە هۆی تووشبوون بە قەڵەویی.

میسرییەک لەکاتی حەجکردندا شەیتانی ڕەجم نەکرد

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئەلئەنبائی کوەیتی یەکێک لەوتارێژەکان کە ناوی (وەجدی غەنیمە)یە چیرۆکی پیاوێکی میسری گێڕایەوە، کە لەکاتی بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەجی ئەمساڵدا، شەیتانی ڕەجم نەکرد، هۆکارەکەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی تائێستا شەیتان نەهاتووەتە ڕێگەیو خراپەی بۆ نەبووەو نایەوێت لەخۆیی بڕەنجێنێت. ڕۆژنامەی ئەلئەنبائی کوەیتی نووسیویەتی، ئەو وتارێژە لەشریتێکی ڤیدیۆیدا باسی پیاوێکی میسریی دەکات کە کوڕەکانی هێنابوویان بۆ بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەج، پیاوەکە هەموو مەراسیمەکانی حەجی بەجێگەیاند، تاگەیشتە ئەو شوێنەی کە دەبێت شەیتانی تیادا ڕەجم بکات، بەڵام ئەو نەیکرد، سێ جار هەوڵیان لەگەڵدادا، بەڵام ئەو هەر ڕەتیکردەوە کە شەیتان ڕەجم بکات، کاتێک کوڕەکانی لێیان پرسی بۆ باوکە ئەم کارە ناکەیت، وەڵامدا گوتی: ئەوە تەمەنم گەیشت بە 70ساڵ، بەدرێژایی ئەو تەمەنە درێژەم تائێستا لەشیتان نزیک نەبوومەتەوەو هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، شەیتانش نەیتوانیوە هیچ دڵکرمێ بوونێکم تیادا دروست بکات، لەبەرئەوە بەم کۆتایی تەمەنەمەوە نامەوێت ڕەجمی بکەم و لەخۆمی هارکەم.

تەنها لەسەر تەماشاکردنێک گۆبەندیان بۆ ناونەتەوە



لەکاتی بەشداری کردنی هەردوو هونەرمەند دورە زەروقی تونسی و ئەحمەد حاتەمی میسری لە ڤیستیڤالی جونیەی هونەری" گوایە ئەحمەد حاتم زۆر بەشێوەی ڕۆمانسی سەیری دورەی کردوەو گفتوگۆی لەگەڵ ئالوگۆر کردووە" وەک لە هەواڵێکی سایتی هونەری زەهرەت خەلیج بلاو کراوەتەوە" چەند وێنەیەکی ئەو دووو هونەرمەندە لە تۆرە کۆمەلایەتییەکان بڵاوکرایەوە گوایە چیرۆکی خۆشەویستیان لە نێواندایە. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هەردوو هونەرمەندی نیگەران کردووە" چونکە وەک دورە دەڵێ ئەگەر شتێک حەقیقەتی هەبێت ئاساییە" بەڵام ئەوەی دەگوترێ تەنها پروپاگەندەیەو ئێمە بە شێوەیەکی نۆرمال سەیری یەکترمان کردووەو نەوەک وەک دەوترێ خۆشەویستیمان ئالوگۆر کردبێ.

خانمە هونەرمەندێکی تونسی بە چڕینی گۆرانی پەیامی ئازادی بۆ مرۆڤ دەنێرێت



هونەرمەندی تونسی، ئامال مسلوسی لە کۆنسێرتێکدا کە شەوی ڕابردوو لە میانی ڕۆژانەی قرتاج بەڕێوەچوو، گۆرانی بۆ ئازادی مرۆڤ مرۆڤ چڕی. ئامال مسلوسی زۆربەی گۆرانییەکانی کە شەوی شەممە لە کۆنسێرتەکەدا بۆ جەماوەرەکەی چڕیبووی، گوزارشتی شۆڕشی گەلی تونسی دەکرد کە لە ساڵی 2011دا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی، زەینول عابدین بن عەلی بەرپایان کردبوو.

شێوازە کاریگەرەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیراندا

زانستی کارگێڕی ڕەچاوی هەموو ئەو ئامراز و شێواز و لێهاتوویانە دەکات، کە بۆ گفتوگۆ پێویستن، لێرەشدا بەرووتی ڕۆڵی ژینگە و کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر کەسایەتی تاکەکان دەردەکەوێت، کە دەبنە بنەمای وتووێژکردن و بڕیاردان

د. جەواد عەلی: هەموو نەتەوەیەک عەقلیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەک چۆن هەر نەتەوەیەکیش کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کەسایەتی نەتەوەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە





ئا: سەردار حوسێن

ناکرێ قسە لەسەر قەیرانەکان و شیکردنەوە بۆ ڕەهەندەکانی بکەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ فاکتەرە ژینگەیی و ئایکۆلۆژییەکان دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن لەگەڵیدا نەکەین، بۆیە لەرووی ئایکۆلۆژی و چوارچێوەو ئاماژەکانی تۆژینەوەدا، دەبێ لە سنووری قەوارەیەکی دیاریکراو زانیاری بەردەست و پێشنیاری پلان و ڕێککاری دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی بیرۆکەکان شیکردنەوەیاندا دەستپێ بکەین.

هەروەهاش دەبێ لەسەر بنەمای چەند کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئیش بکەین، کە چۆنایەتی و چەندایەتی تەواومان بخاتە بەردەست، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێککخراوی ڕێکوپێک بەکار بهێنرێت، هەوەک چۆن دەکرێ هەموو ئەو ئاماژانە فەراهەم بکرێن کە چۆنیەتی بەدەستهێنانی گەشەپێدان لە ڕێگەی سەرچاوە بەردەستە مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبن و دەستبکرێت بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ بینا کردنی بنەمایەک لەسەر ئالیەتی کارکردن لەنێو خوودی قەوارە بە ئامانجگیراوەکەدا، هاوکات هێلکاری ڕێنوێنییەکانیش بۆ گەڕان بەدوای وەهادا دەبێ تۆژینەوەک لەو بوارەدا دەبێ هەبن.

لەوەوە دەتوانین چوارچێوەی ئایکۆلۆژیەتی قەیرانەکە دەستنیشان بکەین، کە کۆمەڵگە یان قەوارە پێکدێت لە سێ پێکهاتەی سەرەکی: پێکهاتەی مرۆیی، کە بە پێکهاتەی ئەندامیی سەرەکی دادەنرێت، پێکهاتەی دروستکراو، کە بریتییە لە قەبارەی مادی و ئەو سەرچاوانەی پێکهاتە مرۆییەکە بەکاریان دێنێت، کە پێکهاتەی سروشتی، کە پەیوەستە بە شوێنەکەو سەرچاوە پێویستەکان بۆ پاراستنی هەردوو پێکهاتەی پێشتر.

دەکرێ لە پەیوندی نێوان مرۆڤ و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی مرۆیی تێبگەین، لەنێو ئەوانەیشدا ڕەگەزە مادییەکان و گۆڕینەوەی بەرژەوەندی لەنێواندا بە هەموئەو شێوازانەی لە توانادا هەن، ئەوەیش لە میانەی ڕێکخستنی ئایکۆلۆژی بۆ تۆژینەوەی قەیرانەکان چوارچێوە ئایکۆلۆژییەکان، یان بە چەند وشەیەکی دیکە، ڕەگەزەکانی سیستەمی ئایکۆلۆژی چۆن کارلێک لەگەڵ دروستکردنی قەیران دەکەن، دواتریش کارلێک و کاریگەری دروستکردن لەگەڵیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕازیکەر بۆ ئەو قەیرانانە، ئەو پەیوندییەش لەسەر بنەمایەکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤ و ئایکۆلۆژیای مرۆڤایەتی بەرهەم دێت.

مۆنتیسکیۆ نوێنەرایەتی ئەو بیردۆزە فیکری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییە دەکات، کە ڕەگوڕیشەی بۆ جیوکرات و ئەرەستۆ و بودان و کەسانی دیکە دەگەڕێتەوە، کە پێیانوابوو کەشوهەوا کاریگەری و گرنگییەکی گەورەی هەیە لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی، هەوەک چۆن لە کۆتیبی (ڕۆحی یاساکان) 1748دا هاتووە، کە بنەمای سەرەکی یاسادانان و دیاریکردنی ڕێکخستنی تایبەت بۆ هەر شێوەیەک لە شێوەکانی مرۆڤایەتی و بینای مێژوویی و کەلاکەبوونی بەشێوەیەکی سروشتی لەنێو خودی مێژوودا، دەکەونە نێو چوارچێوەی دروستبوونی قەیرانیشدا، بۆیە دەڵێت: سیاسەت کچی مێژووە، مێژووش کوڕی جوگرافیایە، جوگرافیاش لەو سەردەمە چاوەڕوانکراوەدا ناگۆڕێت تەنها ڕێژەیی نەبێت.

هەر لەو بارەیەوە د. جواد علی لە ئینسکلۆپیدیاکەیدا سەبارەت بە جیاکەرەوەی مێژووی عەرەب پێش ئیسلام و سروشتی عەرەب لە دورگەی پێش ئیسلام تا بە ئەمڕۆ دەگات، دەڵێت: هەموو نەتەوەیەک عەقلیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەک چۆن هەر نەتەوەیەکیش کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کەسایەتی نەتەوەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، تاکیش نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە دەکات، سیمای تاکیش بەزۆری لە سیمای زۆرینەی نەتەوەکەی دەچێت، عەرەبیش وەک هەر خەڵکێکی دیکە، سیمای تایبەت بەخۆیان و عەقلیەت و گشتگیریی خۆیان هەیەو پێی دەناسرێنەوە لە جیهاندا.

لێردا دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەندێک دەرفەتی مێژوویی هەبوونە پیاوانیان دروست کردووە، چونکە مرۆڤ و مێژوو دوو چینن کە جیا ناکرێنەوە لەیەکتر، (مێژوویەک بەبێ مرۆڤ لە ئارادا نییە، هەروەهاش مرۆڤی بێ مێژووش بوونێکی نییە) ئەو پەیوندییەش کە لەنێواندا هەیە، کارلێکێکی دوولایەنە یاخود دوو ڕووە، کە تەواوکاری یەکترین: کاریگەری مێژوو لەسەر تاک، هەروەها کاریگەری تاک لەسەر مێژوو. جیاکەرەوەی ئەو پێکهاتەی لەنێو کۆمەڵگاکاندا هەیەو ئاستی کاریگەریان لەسەر پلەی ئەو کۆمەڵگایانەو لە ڕووی سیاسی ڕەوشتییەوە، لەنێویشیاندا ڕەوشتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان و بڕیاردانی پێویست لەبارەیانەوە، دەکەوێتە سەر دوو شت: سەقامگیری سیاسی و دامەزراوەیی بە پلەی یەکەم و پیادەکردنی کرداری بۆ پرۆسەی سیاسی لەڕووی یاسایی گونجاودا، ئەوەیش پاڵنەر دەبێت بۆ فاکتەری کاریگەر و ڕوون.

لێرەوە چەند کێشەکان سەرهەڵدەدەن و ئاڵۆزی و واقیعیەت و ڕاستەقینەیی دەردەخەن، سیاسەتیش لەو دەرەنجامەدا بە تەواوی کەنارگیر دەکرێت، ئەوەی دەمێنیتەوە دەکەوێتە نێوان ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە وا لە خاوەنانی بڕیار دەکەن پەنا بۆ شێوازێکی دیاریکراوی پلەبەندکراو ببەن، ئەویش ڕەگەزەکانی جوگرافیا و جیۆپۆلیتیک وجیوستراتیژین، کە دەوری خاوەن بڕیار دەدەن، یاخود وتووێژکار دەدەن بە ئاراستەی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە، بۆیەش زۆرینەی ئەو بیردۆزانەی بۆ ئەم بابەتە هاتوونەتە ئارا، فۆکس دەخەنە سەر ئەو فاکتەرە کاریگەرانە، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوندی بە قەیرانە گەورەکانەوە هەیە، کە لەنێوان وڵاتان و میللەتان ڕوودەدەن، کە زۆرترین جاریش کێشەی سنوور یان ئەودیوی سنوورەکانن، لە پێشەوەی هەموشیان ئێبن خەلدون لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا باس لە بوونەوەری زیندوو دەکات کە پێویایە لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە: کلتووری بۆماوەیی و ژینگەی سروشتی.

پێشتر زۆر ڕێگای گرنگ و شێوازی مامەڵەکردن و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و تا چەندیش دەتوانێت لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکاندا خۆشەویستی خۆی بنوێنێت، کە لە پلەیەکی بەرزدا ئەو حاڵەتە پەیوندی بەوە هەیە ئەو کەسە چۆن دەتوانێت بە چەند شێوازێک خۆی لەنێو وتووێژەکاندا بینێتەوە.

2- توانا بەدەستهاتووەکان: ئەو توانا و لێهاتوویانەیە کە بەزۆری لە ڕێگەی شارەزاییەوە بەدەست دێت، وەک توانای وتووێژ و گفتوگۆکردن بۆ ماوەی درێژ، هەروەها توانای دەستنیشاندکردنی ئامانجەکان، هەروا توانای بەدەستهێنانی زانیاری پێویست و توانای بەکارهێنانی شێواز و ئامرازی پێویست و دروستکردنی کاریگەری دەروونی لەسەر لایەنی بەرانبەرو...هتد.

3- ئەو زانیارییانەی پێویستە بۆ وتووێژەکان بەردەست بن: وەکو ترس، ترس لەوەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن کەم بن و پەیوندییان بەو بابەتە و باسەوە نەبێت کە دەبێتە تەوەری وتووێژەکان، کە دواجاریش بەڕوونی دەبنە هۆکاری شکستهێنانی وتووێژەکان و بەدەست نەهێنانی ئامانجەکان، بە پێچەوانەیشەوە بەردەست بوونی زانیاری دروست و ورد و پێوست بۆ چوونە نێو وتووێژێکی بەرهەمداری سەرکەوتوو.

4- ئامادەکاری میدیایی سەرکەوتوو: زۆرینەی قەیرانەکان دەکەونە ژێر ڕووناکی کامیراکان و پرسیاری لەناکاو و بەدواداچوونی وردیان لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ دەکرێت، بۆیەش بەڕێوەبەرانی قەیرانەکان ڕووبەڕووی زۆرترین پرسیار دەبنەوەو دەبێ وەڵامی شیاویشیان لەلا بێت و بیدەن بە میدیاکان، چونکە ڕاگەیاندنەکان دەیانخەنە ژێر بەرپرسیارێتی تەواو و چەرکەساتی سەرسوڕمانەوە بەو هەموو بەدواداچوون و پرسیارانەی دەیوروژێنن، بۆیەش دەبێ زۆر بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئامادەکاری تەواو کرابێت بۆ وەڵامدانەوەیان و تەنانەت ئەگەر وەڵامەکان بەشێوەیەکی تەواویش ڕوا پێهێنەر نەبن.

گفتوگۆیەکان وەک بڕیەی پشتی وتووێژکردن لەسەر قەیرانەکان و بەڕیوەبردنیان دەمێنەنەوە هەوەک چۆن ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ پێویستی بە ڕێکخستن و وێناکردنی هەموو ئەگەرەکان هەیەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەبێ تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ ئەو مەبەستانە خرابنە بەر بەرنامەی گفتوگۆکردنیش بە پێویست بزانن بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەی گونجاو.

ئەو مەرجانەی پێویستە هەبن بۆ ئەوەی وتووێژکردن لەبارەی قەیرانێمەوە سەرکەوتووبێت و بتوانرێت بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەو بدرێت بریتین لەمانەی لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

1- بیرکردنەوە لە بڕیاری ئەوان.

2- ئەو بڕیارەی کە دەمانەوێ بیدەین دەبێ دروستی بکەین، نەک پێشتر ئامادە کرابێت.

3- پێشنیاری بەجێ بدرێتە بەرانبەر.

4- هەڕەشەکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە بەس نییە.

5- هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی ئازار و ئەزیەت.

6- زیادکردنی ئازارگەیاندن زۆرتر دەکەوێتەوە سەر خۆمان.

7- بڕاردان بە هەڕەشەوە دەبێتە هۆی بڕیاردان بە داڕتنی هەڕەشە.

8- دەبێ هەڵبژاردەکەی ئەوان بە دروستی ببینێن.

9- دەبی هەوڵبدەین بیرکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستنیان دەکەوێتە سەر :

1- دابەشکردنی زانیاری و گرێانەوە بیردۆزەکان.

2- دابەشکرننیان بەسەر دوو لایەنی سەرەکی و مامناوەندی.

3- دیاریکردنی ڕەگەزە لاواز و بەهێزەکان.

4- پڕلێنکردنی خاڵی ناکۆبیەکان,

5- زانین ئەو زانارییە ناتەواوانەی پێویستە تەواو بکرێن.

6- دیاریکردنی ئاستی ڕازیکردنی وتووێژەکان.

7- خەملاندنی بەشداربووان لەلایەنی بەرانبەر.

8- ڕیزکردنی هەڵبژاردە و جێگرەوەکانیان.

بەڵام ئەوەی پەوەیستە بە تایبەتمەندی شارەزایی و لێهاتووی بۆ بەردەوامیدانی گفتوگۆکان، ئەوەیە کە هەردوو لایەنی وتووێژکار هەست بەوە بکەن متمانەی هاوبەش لەنیوانیاندا دروست بووەو گفتوگۆکردنیش بە پێویست بزانن بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەی گونجاو.

ئەو مەرجانەی پێویستە هەبن بۆ ئەوەی وتووێژکردن لەبارەی قەیرانێمەوە سەرکەوتووبێت و بتوانرێت بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەو بدرێت بریتین لەمانەی لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

1- بیرکردنەوە لە بڕیاری ئەوان.

2- ئەو بڕیارەی کە دەمانەوێ بیدەین دەبێ دروستی بکەین، نەک پێشتر ئامادە کرابێت.

3- پێشنیاری بەجێ بدرێتە بەرانبەر.

4- هەڕەشەکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە بەس نییە.

5- هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی ئازار و ئەزیەت.

6- زیادکردنی ئازارگەیاندن زۆرتر دەکەوێتەوە سەر خۆمان.

7- بڕاردان بە هەڕەشەوە دەبێتە هۆی بڕیاردان بە داڕتنی هەڕەشە.

8- دەبێ هەڵبژاردەکەی ئەوان بە دروستی ببینێن.

9- دەبی هەوڵبدەین بیرکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستنیان دەکەوێتە سەر :

10- داوای ئەوە بکەین بڕیاری دیکەش بدەن.

11- داوای شتی تر بکەین.

1- دەتوانین داواکارییەکە وردتر دیاری بکەین.

13- دیاریکردن واتای ڕەقەکاری نادات.

14- بەڵانی کەمەوە دەبێ بیرکردنەوەی خۆمان یەکلایی بکەینەوە.

15- دەتوانین کێشەکە پارچە پارچە بکەین.

16- دەبێ بەردەوام داوای ئەوە نەکەین کە لە چاوەڕوانیماندا نییە.

17- دەبێ ئەوەی لەدەست ئەواندایە چاکی بکەین، ئەگەر هاتنە پێشەوەی باشیان لێ بەدی دەکرا.

18- دەکرێ سوودەکان بگۆڕین.

19- هەوڵبدە نمایشەکانت سەرنجڕاکێشترین.

20- کەمکردنەوەی زیانی بڕیارەکان بەپێی توانا.

21- هەوڵبدە نمایشەکان متمانەی زیاتر بەدەست بهێنن و باوەڕپێکراوتر بن.

22- ئەو ڕێگایانەی وا دەکەن نمایشەکان باوەڕپێکراوتر بن.

23- بەزووترین کات سوودەکانیان بدە بەدەستەوە.

24- دەرفەتی باشیان پێ بدە.

25- زۆرتر یاساییانە کاربکە، چونکە کارکردنی یاساییانە کاریگەری زۆرتری دەبێت.

26- هەڕەشەکردن و نمایشکردن دەبێ یاسایی بن.

27- زۆرتر یاساییانە کاربکە، چونکە لە پێناوی ئاشتیدا گرنگترن.

28- یاسا و دامەزراوە شەرعییەکان دادەمەزرێن.



www.xebat.net
چوار شەممە 2018/12/26 ژمارە (5661)

ئافرەتانی تاراوگە بە شکۆوە رۆژی ئاڵای کوردستانیان کردەوە





ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

مانگی دیسەمبەر زۆر بۆنە وجەژن لە خۆدەگرێ لە جیهاندا کە بوونەتە مایەیی دڵخۆشی وکۆتایی هاتنی ساڵ، بۆ ئێمەی کوردیش لە رۆژمێری بۆنە و جەژنەکانمان و یادکردنەوەیان دوو رۆژی مێژوویی دەکەونە ئەم مانگە وێڕای جەژنی سەری ساڵ، یادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە ساڵانە بەچالاکی هەمەڕەنگ یادیان بەرز و پیرۆز رادەگرن. بیر و رای ئافرەتان لەو بارەوە دەزانین.

سوپاسی هەموو ئافرەتانی تاراوگە دەکەم

خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گوتی: من سوپاسی هەموو دەستە خوشکەکانم دەکەم لە هەموو ئەنجومەنەکانی ئەوروپا بە گشتی و تەواوی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە کە وێڕای سەختی کار و بژێوی ژیانیان و پیشەی ماڵداریان توانیان لە پاڵ هاوژین وکوڕ و براکانیان بەشداری تەواویان هەبێت لە هەردووبۆنەکەدا و جێگای خۆشیەتی پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە هەموو گەلی کوردستان و ئافرەتان بکەم بە هیوام ئەمساڵ ببێتە رەوینەوەی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانیان و کردنەوەی دەرگای خۆشی لە کوردستانێکی بەهێزدا.

هەموومان بەبوونی ئەو ئاڵایەوە دەناسرێن و دەبینە دەوڵەت

خاتوو شوکریە حەمد کاوانی کارگێڕی ئۆفیس گوتی: بەراستی خۆشحاڵ بووم بەو ڕێژە زۆرەی بەشداری ئافرەتانی تاراوگە لە بۆنەکانی یادکردنەوەی یەکێتیەکەمان وئاڵای پیرۆزی کوردستان لە تەواوی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە کە وێڕای سەختی کار و بژێوی ژیانیان و پیشەی ماڵداریان توانیان لە پاڵ هاوژین وکوڕ و براکانیان بەشداری تەواویان هەبێت لە هەردووبۆنەکەدا و جێگای خۆشیەتی پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە هەموو گەلی کوردستان و ئافرەتان بکەم بە هیوام ئەمساڵ ببێتە رەوینەوەی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانیان و کردنەوەی دەرگای خۆشی لە کوردستانێکی بەهێزدا.

هەموومان بەبوونی ئەو ئاڵایەوە دەناسرێن و دەبینە دەوڵەت

خاتوو شوکریە حەمد کاوانی کارگێڕی ئۆفیس گوتی: بەراستی خۆشحاڵ بووم بەو ڕێژە زۆرەی بەشداری ئافرەتانی تاراوگە لە بۆنەکانی یادکردنەوەی یەکێتیەکەمان وئاڵای پیرۆزی کوردستان لە تەواوی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە دەکەم لە هەموو ئەنجومەنەکانی ئەوروپا بە گشتی و تەواوی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە کە وێڕای سەختی کار و بژێوی ژیانیان و پیشەی ماڵداریان توانیان لە پاڵ هاوژین وکوڕ و براکانیان بەشداری تەواویان هەبێت لە هەردووبۆنەکەدا و جێگای خۆشیەتی پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە هەموو گەلی کوردستان و ئافرەتان بکەم بە هیوام ئەمساڵ ببێتە رەوینەوەی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانیان و کردنەوەی دەرگای خۆشی لە کوردستانێکی بەهێزدا.

ڕێورەسمەکانی بەئەنجام گەیەنران. هەموومان بەبوونی ئەو ئاڵایەوە دەناسرێن وەدەبینە دەوڵەت، بۆیە بۆ هەریەکەمان جێگای شانازی بوو لە ملی خۆمانی بنێین و بە شکۆوە بەرزی بکەینەوە بەبەرچاوی هەموودنیاوە. بەهیوام ساڵی داهاتوو خۆشگوزەرانی بەدەوادا بێت لە کوردستانێکی بەهێز و یەکگرتوو.

پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە دایکی شەهیدان دەکەم

خاتوو ڕوونک خانەقا بەرپرسی ئەنجومەنی هۆڵەندا دەڵێت: پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە هەموو دایکانی شەهیدان وتەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم، لەگەڵ پیرۆزبایی کردنم بۆ هەر دوو بۆنەکەمان ئاڵا و دامەزراندنی یەکێتیەکەمان بە هیوام هەموو خۆشیەکانمان ببێتە مایەی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی کوردستان کە ساڵێکی سەختیان تێپەڕاند بەڵام سەربەرزانە و داکۆکیکاربوون لەو دەسکەوتانەی بەخوێنی هەزاران شەهید بەدەستهاتووە.

ئەوشەرەفەم بەرکەوێت ئاڵا بە شیرینی دروست بکەم

خاتوو پەیمان ڕەئووف ئەندامی ئەنجومەنی دانیمارک بەمشێوەیە دوا: وێڕای بەشداربوونم لە هەر دوو بۆنەکەدا بە ئەرکی خۆم زانی کە کێکێک شایستە بێت بە نەخشی ئاڵای کوردستان دروست بکەم و پێشکەشی ڕێورەسمەکەی بکەم. سوپاس کە ئەو شەرەفەم بەرکەوت ئاڵا بە شیرینی دروست بکەم لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێورەسمەکەی جوانتر کردبوو دەستە خوشکەکانم بوون بە جلوبەرگی ڕەسەنەوە کە سیمایەکی جوانی کوردانەی دەنواند. بەهیوام ساڵی نوێ ساڵی ئاوەدانی و سەقامگیری زیاتر و بوژاندنەوەی کوردستان بێت.

لە سەنتەری شاری لەندەن ئاڵای کوردستانیان بەرزکردبووە

خاتوو کەژاڵ ئەحمەد ئافرەتێکی کوردی نیشتەجێی لەندەن ئاماژەی بەوەدا: ئەوەی منی دڵخۆشکرد بینینی کومەڵێک لە ئافرەتانی کوردستان بوو لە سەنتەری شاری لەندەن ئاڵای کوردستانیان بەرزکردبووە بە بەرچاوی هەموو ڕێبواران و بەم شێوەیە پەیامی ئاشتیانەی خۆمان دەگەیەنین، بەڕاستی تابڵێیەکی جوانیان نیشاندا. بەو کەرنەڤاڵە بچوکەیان و گەورەیی خواستەکەیان لە ناساندنی ناسنامەکەیان کە کوردستانە لە سەنتەری شار پیرۆزباییان لێدەکەم بە هیوام نموونەیان زۆر بێت .

ئەو ئاڵایە کە هەموومانی کۆکردۆتەوە لە کوردستانێکی بەهێزدا

خاتوو سەعدیە مەناف ئافرەتێکی کوردی ئیزیدی و بەشدار لە ڕێورەسمی ئاڵای کوردستان لە شاری کالکار وڵاتی ئەڵمانیا و لە ماڵی ئیزیدیەکان وتی: مەراسیمێکیان ساز کرد بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان. ئەوەی شایانی باسە مارشی ئەی ڕەقیب و چەندین وتار هاتە پێشکەشکردن، کە چەندین ئافرەت هاوشێوەی خۆم بەشداربووین بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ئاڵایە کە هەموومانی کۆکردۆتەوە لە کوردستانێکی بەهێزدا. بەهیوام ئاوەدانی بگەڕێتەوە ناوچەکانمان لەگەڵ ئارامی وسەقامگیری وگەڕانەوەی کێژەکانمان کە بەدەستی ئەوزاڵمانەی داعش ڕفێندران.

ئەڵمانیاش بە ئاڵای کوردستان نەخشێنرا

خاتوو کویستان عومەر بەشداربوو لە ڕێورەسمی ئاڵای کوردستان لە بەرلین گوتی: وێڕای کەشوهەوایەکی خراپ و باراناوی بەڵام کوردستانیان بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پێشکەشکردنی چەندین وتار ودروشمی ئاڵا سەرنجی هەموو ڕێبوارانی ئەو ناوچەیەیان ڕاکێشا. لە هەمووشی جوانتر ئەو گروپە بوو لە کوڕان و کچان بە هەڵپەرکی و میوزیک زیاتر بۆنەکەیان گەشتر کردبوو. بەهیوام هەموو بۆنەکانمان نیشانە بن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ناسنامەی نەتەوەیمان لە تاراوگە لەبیرنەکەن

خاتوو سەیران زاوێتەیی بەرپرسی ئەنجومەنی بەڵژیکا باسەدکات: من بۆ خۆم هەمیشە ئاڵای کوردستان لەسەر سەرم دادەنێم وەک کچە شەهید و بەشداربوونم بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی پێویستە خۆمان ومنداڵەکانمان بەشدار بین بۆ ئەوەی ئەم نەوەیەش ناسنامەی نەتەوەیمان لە تاراوگە لەبیرنەکەن و لە بیریان بێت کە خەڵکی وڵاتێک کوردستانە و خاوەنی هەزاران شەهیدە لە پێناوی بەرزڕاگرتنی شکۆی ئەو ئاڵایە کە هێمایە بۆ کورد بوونمان. پیرۆزبایی خۆم بۆ برا پێشمەرگەکانمان کە پاریزەری خاک و گەلن. ساڵی نوێیان پیرۆز بێت لەگەڵ تەواوی خەڵکی کوردستان و هەر شادبن .

سەرۆک بارزانی کە وەک باوک هەمیشە مافی ئێمە و کەمە نەتەوەکانی تری لا گرنگە

خاتوو ئەسمەهان لوتفی ئافرەتێکی کریستانی کوردستان و بەشدار لە بۆنەکانی ئەڵمانیا دەڵێ: خۆشحاڵم دەبینم کوردستان ڕوو لە بەهێزبوون دەکات لە پەیامی هەڵبژاردندا بەیان کرا ئەمە بۆ ئێمەی کریستیان بە دین و بەنەتەوە کورد بەگرنگییەوە سەیردەکەین بە تایبەتی سەرۆک بارزانی کە وەک باوک هەمیشە مافی ئێمە و کەمە نەتەوەکانی تری لا گرنگە لەو پێکەوە ژیانەی کە هەمانە لە کوردستان کە میژوو شاهیدیانە. بۆ بەشداربوونیش لەم دووبۆنە گرنگ و میژوییە کە ئافرەتان داکۆکیکاری مافەکانمان و ئاڵاش وەک هێمای نەتەوەیمان بە پیرۆزمان زانی و بەشداربووین. جێگەی خۆشیەتی پیرۆزبایی خۆم بە بۆنەی ساڵی نوێ و لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە هەموخوشک و براکانمان لەکوردستان و جیهان بکەین و ساڵی نوێ لە گەلی کورد پیرۆز بێت .

کورد ئەمڕۆ دوڵەتداری دەکات لە کوردستانێکی بەهێز

خاتوو چنار زاوێتەیی ئەندامی ئەنجومەنی هۆڵەندا ڕایوایە: کارەساتەکانی کوردستانم قەت لەبیرناچێت کاتێک لەگەڵ هاوژینەکەم لە چیا بووین لەکاتی ئەنفال بەتایبەتی کە دوژمن هیچ دەرفەتێکی لەبەردەست پێشمەرگە و شۆڕش نەهێشت بۆ کۆتایی هاتنی کورد، بەڵام کورد ئەمڕۆ دوڵەتداری دەکات لە کوردستانێکی بەهێز کە بەخوێنی هەزاران شەهید و خۆڕاگری خەڵکی نیشتیمان پەروەر دەستەبەربووە. بۆ کەسێکی وەک من پیرۆزی ئاڵا و یەکێتی ئافرەتان هەمیشە بەزڕاوەگرم کە ئافرەتان لە چیا و شۆڕشدا وەدستەلات لە هەرێم ڕۆڵی گرنگ دەبین و جێگای خۆیەتی یادیان بەرزڕاگیرێ.

جگە لە ڕۆڵی دایک دەبێتا مامۆستا بین لە پەروەردەی نەوەیەکی کوردپەروەر

خاتوو سۆزان عوسمان خەڵکی شاری سلێمانی لە وڵاتی سوید گوتی: سەرەتا پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم بە تایبەتی دایک و خوشکانی شەهیدان و پێشمەرگە سەربەرزەکانمان کە پاریزەری ئاڵای کوردستان وخاکی پیرۆزمانن. بۆ ئێمەیی کورد لە تاراوگە وزەبەخشە کە هەمیشە کوردستانمان لەبیرە و لەیادی ناکەین و هەریەکەشمان جگە لەدایک بوون مامۆستای ماندوونەناسانین کە کوردبوونی خۆیان لەبیر بێت و ئایندەی کوردستان لەبەرچاو بگرن وبتوان بە پلە و بڕوانامەکانیان لە داهاتووخزمەت بکەن. بەهیوام کوردستان لەساڵی داهاتوو نمونەی جوانی پیشکەوتن بێت و دوورین لە گرژی و دووکەوتنەوە لەیەکتر، هێز لە یەکبوون و یەکگرتندایە.

کچێکی هیندی نازناوی جوانترین ئافرەتی ئاسیای پێدەبەخشرێت



گۆڤاری " eastern eye"بەریتانی لیستی جوانترین ئافرەتەکانی بۆ ساڵی 2018بڵاوکردەوە و لە سەر ئاستی کەسایەتی و ئەستێرە دیارەکان 50 کەسی هەڵبژاردووە و لە کیشوەری ئاسیا " دیپیکا پادوکون" کچە شۆخی هیندی بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترینی ئاسیا دەسنیشانکرا. دیپیکا لەدایکبووی ? 1986 پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە و ساڵی 2006یەکەم دەرکەوتنی لە سینەما لەگەڵ ئەکتەرە بەناوبانگەکانی وەک ئایشورا و شاروخ خان توانی دانپیانانی کەسانێکی زۆر وەک ئەکتەرێکی لێهاتوو بەدەست بهێنێت. وێڕای وەرگرتنی چەندین خەڵاتی جیهانی لە بوارەکەی خۆی ئەمساڵ نازناوی جوانترین خانمی ئاسیای بۆ ساڵی 2018پێبەخشرا.

چەند ڕاسپاردەیەک بۆ کەشخەبوون لە وەرزی زستاندا



گرنگیدان بە ستایل و ڕێکپۆشی لای ئافرەتان زۆر گرنگە. لە هاتنی سەرما شێوازی جل پۆشین دەگۆڕدرێت و زۆر کەس کەمتر بایەخ بە ڕێکپۆشی دەدەن و ئامانج زیاتر دەخرێتە سەر خۆپاراستن لە سەرما ، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ خاڵ دەکرێت لەو ڕۆژانەشدا ڕێک و کەشخە دەربکەوی.

ڕاسپاردەکان بۆ مۆدەی زستانە: بۆ ئەوەی لە وەرزی زستان تێپێکی گونجاوت هەبێ دەبێت بە لاتانەوە گرنگ بێت کە ئەو جلانەی بۆ ئەوە وەرزە هەڵیدەبژێرن پێویستە هەم گەرمتان بکاتەوە و هەمیش جوانییەکی تایبەتتان پێببەخشێت. واتە بەو مانایەی کە بۆ خۆپاراستن لە سەرما نابێت واز لە مۆدە بهێنن. لە ڕاستیدا وەرزی زستان ساناترین کات بۆ ڕێکپۆش بوونە.

گرنگ نییە چاکەتەکەتان خەز یان خوری یان قەدیفە بێت، بەس لەبیرمەکەن بە هەڵبژاردنی چاکەتی شیاو پیشانی خەڵک دەدەن کە چەندە خاوەن زەوق و سەلیقەن. هەڵبژاردنی چاکەت و مل پێچێکی شیک لە بڕی قاپوتێکی کەون ئێوە جیاواز پیشان دەدات. هەڵبەت چاکەتەکە زۆر ئەستور و زەخم نەبێت و پێویستە لەگەڵ پوتەکەشتان ڕێکی بخەن. ئەگەر چاکەتەکەتان ڕەنگێکی ڕوون و کراوەی هەیە پوتێکی سادە و کەمێک تاریک هەڵبژێرن. ئەگەر چاکەتەکەتان سادە و یەکڕەنگە پوتێکی نەخشدار هەڵبگرن.

هەڵبەت لە هەڵبژاردنی دەستەوانە و شاڵ و کلاویش دەبێت لە ڕووی ڕەنگ و شێوازەوە لەگەڵ جلەکانیترتان بگونجێت. ڕێکخستن: ڕەنگی هەموو جلەکانتان دەبێت هاوسەنگ بێت و لەیەکتر بێنەوە هەڵبەت بە لەبەرچاو گرتنی پوت و پێڵاوەکانتان. کەواتە ئەگەر چاکەتێکی سوور دەپۆشت لەو ڕەنگەش پوت هەڵبژێرن. پوتێکی سەوزی تۆخ لەگەڵ چاکەتێکی ڕەش زۆر جوان خۆی دەنوێنێت. بۆ جلەکانیتر دەتوانن ڕەنگی ڕەش یان سەوز پێکهاتەیەکی جوان بێت، بەڵام لەگەڵ پوت و چاکەتی سوور دەسکێش و کڵاو بەکارمەهێنن چونکە لای خەڵک سەرنجڕاکێش نابێت. ڕەنگێک هەڵبژێرن کە لە ڕووی کۆمەڵەی ڕەنگەکان لە چاکەتەکەتان نزیک بێت. هەڵبژاردنی ڕەنگە ڕوونەکان بۆ زستان زۆر گونجاوە.

چەند خاڵێک لەبارەی جلی زستانە: پێویستە لە وەرزە ساردەکان سەرنجی کەش و هەوا بدەن ئینجا بڕۆنە دەرەوە. سوود وەرگرتن لە بۆیاخی دژە ئاو دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێت و پێڵاو و چاکەتە چەرم و جانتاکەتان بەو بۆیە بۆیاخ بکەن ئەو کات گەر بارانیش باری ئێوە تووشی سەرسۆڕمان نابن و شێوەتان تێکناچێت. پێچەوانەی بەهار و هاوین، لە وەرزی ساردەکان فۆکس خستنەسەر ڕەنگە تاریکەکان بەو مانایە نییە کە ڕەنگە کراوەکان بەکارنەهێنن، بەڵام ئەگەر ڕەنگی ڕەش یان مات و تاریک بەکاردەهێنن پێویستە ئێکسسواراتی گەش و ڕەنگ کراوەی لەگەڵ تێکەڵ بکەن تا سەرنجڕاکێش دەرکەون. بێشک لەگەڵ چاکەت و پاتۆڵی تۆخ وەک ڕەساسی یان قاوەیی و ڕەش دەتوانن جلێکی ڕەنگ کراوە و ملوانکەیەکی گەنجاو و گەش هەڵبژێرن تا بەسەر ئەو تاریکییەدا زاڵ بێت و جوانتر پیشانتان بدات.

گراندماستەرێکی ئۆکرانی لە دیمانەیەکی خەباتدا

تارلیف کۆنستانتین: بەرپرسانی شەترەنجی کوردستان زۆر بە دڵسۆزیەوە لەشەترەنج دەڕوانن

کە هاتمە کوردستان هەستم کرد کوردەکان دەیانەوێ کلتوری ئاسیا تێکەڵ بە ئازادی ئەورووپا بکەن

خۆشحاڵ دەبم ئەگەر جارێکی تریش بێمەوە کوردستان

دیمانە: هاوار مورتکەیی

سەرەتا کە منیان فێری شەترەنج دەکرد بەزۆری بوو، ناتوانم بڵێم پێی رازی ببووم، نەگەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە شەترەنج بتوانێت زیاتر مناڵ زیرەک بکات، هەر ئەمەش وایکرد کە لە شەترەنج دوور بکەومەوە، ئەوکات دایکم لێی پرسیم بۆچی ئەمە دەکەی؟ کە ئەوکات تەمەنم تەنها شەش ساڵان بوو، ئیتر هەرچۆنێک بوو هانیاندام کە بەردەوام بووم، ئەمە چیرۆکی سەرەتای ژیانی تارلیف کۆنستانتینی پاڵەوانی شەترەنجی ئۆکرانیە کە لە دەستپێکی دیمانەکەدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆکرد.

بەشداری پاڵەوانێتی کوردووە

تارلیف کۆنستانتین کە تەمەنی 31ساڵە و بەو پییە چەند جارێک بەشداری پاڵەوانێتییەکانی شەترەنجی یانەی خانزادی کردیە لە هەولێر بۆیە شارەزاییەکی تەواوی لەسەر شەترەنجی کوردستان هەیە و لەمبارەیە گوتی: بەرپرسانی شەترەنج لە کوردستان زۆر دڵسۆزانە کارەکەن و بەجدییەوە سەیری شەترەنج دەکەن، رێزی زۆرم بۆ شەترەنجزانانی کوردستان هەیە، هەر ئەمەشە وای لێکردووم کە بەشداری لە دوو پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی بکەم لە هەولێر، وە زۆر خۆشحاڵیش دەبم ئەگەر جارێکی تر بچمەوە کوردستان.

ریزو خۆشەویستم بۆ کوردەکان هەیە

تارلیف لەبارەی سروشتی خەڵکی کوردستانیش گوتی: کوردەکان حەز بە ژیان دەکەن، ئەوەی من لەهەولێر بینیم هەستم کرد کە حەز بە گۆڕان دەکەن، گۆڕانکارییەک کە کلتوری ئاسایا تێکەڵ بە ئازادی ئەورووپا دەکەن، بێگومان باکگراوندێکی باشیان نەبووە کە شەترەنجزانی بەهێزیان تیا دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەش شەترەنجزانە کوردەکان زۆر بە شەوقەوە لێی دەڕوانن، پاریزانی پیشەگەریان هەیە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە شەترەنجزانی کورد بە دڵسۆزییەوە یاری دەکەن.


بەشێک لە دەسکەوتەکان

دواتر تارلیف کە هەڵگری بڕوانامەی گرانماستەر و خاوەنی ریتینگی بەرزی یەکێتی نێودەوڵەتییە 2576گوتی: ئەنجامەکانم تا ئاستێک باشن و چەندین راوندی نێودەوڵەتیم بردۆتەوە، لەوانە دەتوانم ئاماژە بەهەندیکیان بکەم، جامی Gidrostory -2014 ، پاڵەوانێتی ساخالین 2016، پاڵەوانێتی ئارادی کراوە Cio -2013? caltea Memorial لە 2013، پاڵەوانێتی درۆپیتای 2012، پاڵەوانێتی سوپەر لیگی رۆمانی 2015 ،پاڵەوانێتی ئۆریسیای 2018،هەروەها لە کوردستانیش ئەنجامەکانم دڵخۆشکەر بوون، کە لە فیستیڤاڵی یەکەم و دووەمی شەترەنجی کوردستان توانیم پلەی سێیەم و دووەم بەدەست بهێنم.

شەترەنج ئازادی پێ بەخشیوم

لەکۆتاییدا ئەو شەترەنجزانە ئۆکرانیە قژ درێژە گوتی: شەترەنج هەندێ لە ئازادی پی بەخشیوم، رەخساندنی دەرفەت بەدەوری جیهاندا، بینینی خەڵکێکی باش و زیرەک، ئاشنا بوون بە کلتوری گەلان، بێگومان جارجارە سەریەشەش (بەپێکەنیەوە)، شەترەنج بۆمن بۆتە پیشە، رێگای دیکەم زۆرە بەڵام ئەوانم وەک ئارەزوویەک سەیر کردووە.





تارلیف کاتێک لە کوردستان بوو لەگەڵ هاوار مورتکەیی



تارلیف لە یەکێک لە یارییەکاندا

ڕیۆس: شانازی بە تیپەکەم دەکەم و هەموو شتێکیان پێ بەخشیوم

سەرکردەی یانەی بۆرۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی مارکۆ ڕیۆس دەڵێت: لەسەرتادا کارەکان زۆر زەحمەت بوو، سەبارەت بەخۆم زۆر گرنگ بوو کە بتوانم ئارام بگرم و بەسەر کەم و کوڕییەکاندا زاڵبم. ڕیۆس لەدوای سەرکەوتنی یانەکەیان لەگەڕی رابردوو بەسەر یانەی بۆرۆسیا مونشنگلادباخ گوتی: گۆلیان ڤیگل و عومەر تۆپراک ئەرکەکانیان بەلێهاتوویی ئەنجامدا، شانازی بە تیپەکەمەوە دەکەم، هەموو شتێکیان لە گێمی دووەم بەخشی، کە ئەمەش وەکو ئارەزووی سەرکەوتن بوو، سەبارەت بە باکۆ و ماریۆ خۆم، هەستاین بە هەڵسەنگاندنی یاریی دۆسڵدۆرڤ، ڕێگەمان بەخۆمان نەدا هەمان ئاستی گلادباخ دووبارە بکەینەوە، لەنیوەی یەکەم گوزارشت بوو لە هەڵبەزو دابەزی توانا، باشبوو ئەم هێزە لەقۆناغی هەبێت، پێویستە هەمووان لەڕەوشێکی جەستایی باش بین و لەم نمایشە بەردەوام بین. ئەمەش وادەکات نازناوەکە ئاسانتر بێت.

ئیسپانیۆڵ خراپترین زنجیرەی مێژوویی یەکسان کردەوە

2004- 2003ی لەگەڵ ڕاهێنەر خافێر کیلمنتی دووبارەکردەوە، کە تیپەکە هەموو یارییەکانی گەڕی سێیەم تا هەشتەمی دۆڕاند. یانەی ئیسپانیۆڵ لەدوای دروستبوونی هەرگیز 7یاری لەدوای یەکی لەخولی لالیگا نەدۆڕاندووە، هیواخوازە کۆتایی بەم زنجیرە نەرێنیانەی ئەنجامەکانی بێنێت کاتێک لە 29ی کانوونی یەکەمی داهاتووی دەگەڕێتەوە مەشقەکانی، دوای کۆتایی هاتنی پشووەکانی سەری ساڵ و لەدایکبوون، یانەی ئیسپانیۆڵ لە 4ی مانگی داهاتوو بەرامبەر یانەی لیگانێس لە گەڕی 18ی لالیگا یاری دەکات، کە یارییەکە لەشێوازی چارەسەرکردنی ڕەوشەکە. ئیسپانیۆڵ ئێستا لەپلەی 15ی لالیگادایە بەکۆکردنەوەی 21خاڵ لە 6سەرکەوتن و 3یەکسان و 8 شکست، تەنیا 18گۆڵی تۆمارکردووەو 24گۆڵی لێ تۆمارکراوە، کە تەنها 6خاڵ لەشوێنی مەترسی دووڕە.

یانەی ئیسپانیۆڵ ئێستا بەڕەوشێکی زۆر خراپ لەخولی لالیگادا گوزەر دەکات، دوای ئەوەی بووە خاوەنی 6شکستی لەدوای یەک، کە دواینیان لەگەڕی رابردوو بەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بوو لەسەر یاریگای واندا میترۆپۆلیتانۆ لەمیانی گەڕی 17ی لالیگادا. هەروەها لەگەڕەکانی پێشووتر بەرامبەر یانەکانی ئیشبیلیە 1-2و گیرۆنا 3-1و خیتافی 0-3و بەرشلۆنە 0-4و ریال بیتس 1-3گۆڵ دۆڕابوو. بەمەش یانەی بلانکێ ئازۆڵ هەمان زنجیرەی وەرزی

www.xebat.net
چوار شەممە 2018/12/26 ژمارە (5661) خەبات

بەرشلۆنە

بۆندی دی یۆنگی کۆتایی پێهێنا

رۆژنامەی (دی بالۆن)ی ئیسپانی لە دووشەمەی رابردوو بڵاویکردەوە، کە یانەی بەرشلۆنە بۆندی یاریزانی لاوی هۆڵەندی فرینکی دی یۆنگی یاریزانی یانەی ئەیاکسی کۆتایی پێهێناوە، وەکو ئامادەکارییەکان بۆ گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوو، بەگوێرەی ئەم رۆژنامە ناوداراە لەسەر مالپەڕی خۆی دەڵێت: مێس هەستی بەبێ هیوایی کرد کاتێک بۆندی یاریزان گیسۆن مۆریلۆ واژۆکرا، کە یەکێکە لە یاریزانی خاوەن ئاست مامناوەند، بەڵام ئیدارەی بەرشلۆنە هەڵەکەی خۆی راستکردەوەو لەرێگای بۆندێکی بەهێزی وەکو دی یۆنگ دایە. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە بەرشلۆنە بۆندی فرینکی دیۆ یۆنگی تەمەن 21ساڵی کۆتایی هێناوە، بەڵام تاکو هاوینی داهاتوو پەیوەندی ناکات، دوای ئەوەی ململانێیەکی بەهێزی لەگەڵ گەورە یانەکانی ئەوروپا کرد. هەروەها دەڵێت: بۆندەکەی دی یۆنگ بۆ هاوینی داهاتوو لەسەر یانەی بەرشلۆنە بە 68ملیۆن یۆرۆ دەکەوێت، لەگەڵ مووچەیەکی سالانە کە لەنێوان 6تا 8ملیۆن یۆرۆ دایە. ئاماژەی بەوەشکرد کە دی یۆنگ تەنها یانەی بەرشلۆنەی دەویست بۆ ئەوەی یاری شان بەشانی ئەفسانەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی بکات، کە دەیێتە جێگرەوەی ئەستێرەی کرواتی ئیڤان راکیتیچ، کە زۆر لەیانەی پاریس سان جێرمان نزیک بۆتەوە.

واین رۆنی: پەیوەندی مۆرینهۆ لەگەڵ یاریزانەکان باش نەبوو



واین رۆنی، یاریزانی یانەی دی سی یونایتدی ئەمریکی دووپاتی کردەوە، پەیوەندی راهێنەری پورتوگالی، جۆزێ مۆرینیۆ، لەگەڵ یاریزانانی مانچستەر یونایتد، هۆکاری خراپبوونی ئەنجامەکان و لادانی مۆرینیۆ بوو. رۆنی لەمبارەیەوە دڵی خۆی بۆ رۆژنامەی میرۆری بەریتانی کردەوە و وتی:"پەیوەندی مۆرینیۆ لەگەڵ یاریزانان لە دوایین ساڵ باش نەبوو، هەر ئەوەش هۆکاری خراپبوونی ئەنجامەکانی یانەکە بوو". هەروەها وتی:"کاتێک بێ روونکردنەوە یاریزانێک دوور دەخەیتەوە، ئەوە وا لە یاریزانەکە دەکات بیر بکاتەوە، بۆیە دەبوو راهێنەر بە یاریزانەکانی بڵێت، لەبەرچی دوور خراوەنەتەوە، بەڵام یاریزانەکان هیچ وەڵامێکیان دەست نەدەکەوت". وتیشی:"وا بزانم ناخۆشترین شت بۆ یاریزان ئەوەیە، نەزانێت لەبەرچی لەگەڵ تیپەکەی بەشداریی ناکات، بۆیە یاریزانەکانی مان یونایتد لەگەڵ مۆرینیۆ دڵخۆش نەبوون". ئەوەشی خستە سەر:"مۆرینیۆ ئەو شتانەی پێ نەدەووتم، کە دەبوو بیانکەم، یان وازیان لێبێنم، تاکو ئاستم باشتر ببێت، لەو وەرزەی لەگەڵی یارییم کرد". دواجار وتی:" کە ئیبراهیمۆڤیچ هاتە یونایتد، لە گۆڵ تۆمارکردن و دروشانەوە سەرکەوتوو بوو، منیش لە ئاستی خۆمدا نەبووم، بۆیە بڕیارمدا لە تیپەکە بڕۆم". شیاوی باسکردنە، یانەی مانچستەر یونایتد، جۆزێ مۆرینیۆی لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەکە دوور خستەوە و ئولی گونار سولشایەری لە شوێنی ئەو، وەکو راهێنەرێکی کاتی تاکو کۆتایی وەرز دامەزراند.

ڕەمزی میرەکانی

یۆڤنتۆس سامی خزیرە و بیانیچ دەکاتە قوربانی ئیسکۆ



رۆژنامەی (مۆندیۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی لەتۆڕی (سکای سپۆرت)ی ئیتاڵی گواستەوە کە ئیدارەی یانەی یۆڤنتۆس هەڵدەستێت بەکردنە قوربانی هەردوویاریزان (میرالیم بیانیچ و سامی خزیرە) لەپێناو واژۆکردنی بۆندی ئەستێرەی ناوەڕاستی یانەی ریال مەردید ئیسکۆ لەگواستنەوەکانی زستانەدا. ناوی ئیسکۆی تەمەن 26ساڵ خراوەتە نێو ئەو لیستەی کە بەنیازە لەگواستنەوەکانی زستانەدا یانەی شاهانە جێبهێڵێت. دوای ئەوەی چووە دەرەوەی حیساباتەکانی راهێنەری ئەرژەنتینی سانتیاگۆ سۆلاری. ئەستێرەی ئیسپانی لەسەر کورسی یەدەگ زیندانیکراوە، بەشداری خولی مۆندیالی یانەکانیشی نەکرد، کە یانەی مێرینگێ نازناوەکەی بەدەستهێنا، بەمەش رۆیشتنی ناوبراو بەشێوەیەکی کۆتایی لەمانگی داهاتوو مسۆگەرکردووە. رۆژنامەی (دیپۆرتیڤۆ) ئاماژەی بەوەکرد کە یۆڤی بیر لەوە دەکاتەوە لەچەند هەفتەی داهاتوو بۆندی ئیسکۆ واژۆ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەنیازە هەردوو یاریزان میرالیم بیانیچ و سامی خزیرە بکاتە قوربانی. لەکۆتاییدا رۆژنامەی ناوبراو دووپاتیکردەوە کە یۆڤنتۆس تاکە یانە نییە گرنگی بەخزمەتەکانی ئەو یاریزانە دەدات، بەڵکو یانەکانی ئارسنالّ و مان سیتی لە ئینگلتەراو میلان و ناپۆلی لە ئیتاڵیا چاویان بڕیوەتە خزمەتەکانی ئیسکۆ. جێگای وەبیرهێنانەوەیە بۆندەکەی ئێستای ئیسکۆ لەساڵی 2022کۆتایی دێت.

سەڵاح

باشترینی پریمەرلیگ بوو لە 2018

تۆڕی سکای سپۆرتی جیهانی خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی 2018ی خولی ئینگلیزی بەخشیە محەمەد سەڵاحی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول. تۆڕی ناوبراو بڵاویکردەوە کە سەڵاح وەرزێکی نایابی نمایشکردو و توانی لەو ساڵەدا خەڵاتی باشترین یاریزان لەپریمەرلیگ وەرگرێت، کە لەلایەن یەکگرتووی یاریزانە پیشەگەران و نووسەرانی تۆپی پێ دەبەخشرێت. هەروەها تۆڕی ناوبراو دەڵێت لەم وەرزەدا سەڵاح توانیویەتی 11گۆڵ تۆمار بکات، لە 126لێدانی راستەوخۆ بۆ ناوگۆڵ، هەروەها توانی لیڤەرپوول بگەیەنێتە قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، هەروەها ئێستا بەجیاوازی 4خاڵ لەپێش مان سیتی پلەی دووەم دایە لەپریمەرلیگ.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 26. Dec. 2018 No: (5661)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

جیاوازی کتێبخانەی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان سەردەمی حزبی بەعس و ئێستادا لەچیدایە؟

محەمەد پیران بەڕێوەبەری کتێبخانەی پەرلەمان کوردستان: ئەم کتێبخانەیە لەسەر سیستەمی دیویی بەڕێوە دەچێت، کە سیستەمێکی سەردەمی و مودێرن و جیهانییە، زیاتر لە (200) کتێبخانە بۆ پۆلێنکردنی کتێبەکان لە جیهان لەسەری دەڕۆن



ڕاپۆرت: هێمن ئاری

کتێبخانەی پەرلەمان ، وەک هەر کتێبخانەیەکی دیکە نییە ، چونکی ئەم کتێبخانەیە جۆرێک لە تایبەتمەندی بەخۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بریتییە لەوەی زۆرێک لەسەرچاوەکانی بۆ توێژینەوەی یاسایی و دەستوورییەکان تەرخانکراوە . بەو مانایەی ئەوانەی سەرقاڵی توێژینەوەن لەبارەی یاسا گشتی و تایبەتییەکان دەتوانن سوود لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی کتێبخانەی پەرلەمان وەربگرن.

شایەنی باسە ئەو کتێبحانەیە جگە لەو سەرچاوانە زۆرێک لەسەرچاوە مرۆیی و زانستییەکانی بەخۆیەوە گرتووە.گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبخانەیە لەوەدایە لەسەر سیستەمی پۆلینی میلڤل دیویی پۆلێن کراوە، کە ئەم سیستەمە سیستەمێکی جیهانییە و زیاتر لە (200) هەزار کتێبخانە لەسەری دەڕۆن لە پۆلێن کردنی کتێبەکاندا.







کتێبخانە

لە دڕێژەی قسەکانیدا محەمەد پیران بەڕێوەبەری کتێبخانەی پەرلەمان باسی لە بەشەکانی ئەم کتێبخانەیە کرد و گوتی : ڕێکخستنی ئەم کتێبخانەیە لەسەر سیستەمی دیویی بەڕێوە دەچێت کە سیستەمێکی سەردەمی و مودێرن و جیهانییە، کە زیاتر لە 200 کتێبخانە بۆ پۆلێنکردنی کتێبەکان لەسەری دەڕۆن وەک کتێبخانەیەکی تایبەت تاخچەکان (ڕەفەکان) ی کراوەن بۆ سوودمەندانی و داتابەیسی سەرچاوەکان ئەلکترۆنین .گوتیشی: ستافی کتێبخانەکەمان لە نۆ کارمەند پێکهاتووە و هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان لەبوارێکدا هەیە.وەک زانستی کتێبخانە و کارگێری و ئای تی و یاسا و میژوو و کشتوکاڵ و هونەری و پیشەکار.

پشت بە چ سەرچاوەیەک دەبەستن؟

ئەوەشی خستەڕوو کتێبخانەکەیان بۆ دابینکردنی سەرچاوە و ژێدەر و کۆلێکشنەکانی پشت دەبەستێت بە پێشانگای نێو دەوڵەتی و نێوخۆییەکانی کتێب لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لەلایەن نووسەرانی ئەو کتێبانەی کتێبەکانیان بەچاپ دەگەیەنن.

ئەرک و ئامانجی کتێبخانەی پەرلەمان چیە؟

هەروەها بەڕێوەبەری کتێبخانەی پەرلەمان، لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا هێمای بە ئەرک و ئامانجی کتێبخانەکە کرد و گوتی : ئەرک و ئامانجمان هەیە. وەک ئەرک ، ئەرکی ئەم کتێبخانەیە دابینکردنی سەرچاوە و ژێدەر، ڕێکخستنی کتێبخانە لەسەر سیستەمی دیویی و، پەیوەندی گرتن لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و زانکۆ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی . هەروەها بەشداریکردنی پێشانگای کتێب لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات .لەگەڵ دابینکردنی پێداویستی پەرلەمانتاران و توێژەران و خوێندەران .هەروەها گوتیشی ئامانجمان ڕەخساندنی بوار بۆ ڕۆشنبیرکردنی تاکی کۆمەڵگە و پێدانی زانیاری بەسوودمەندان و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکانی پەرلەمان و دابینکردنی پێداویستیە بۆ پەرلەمانتاران.

تایبەتمەندیی کتێبخانەکە

هەروەها لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری کتێبخانەی پەرلەمان ئاماژەی بە بەشەکانی کتێبخانەکەدا و گوتی : کتێبخانەکەمان هەشت بەش لەخۆ دەگرێت ئەویش بەشی کارگێڕی و بەشی ژێدەر و سەرچاوەکان ، بەشی پۆلێنکردن و پرێست ، بەشی کتێبخانەی هاوچەرخ ، بەشی ناو بەناو ، بەشی چاپەمەنییەکانی پەرلەمان ، بەشی سەرچاوەی هاتن ، بەشی ئەرشیف و پاراستنی کۆی سەرچاوەکان. لەوەڵامی پرسیارێکی دیکە سەبارەت بەوەی کەسێکی دیکە ئەگەر بیەوێت سوود لەسەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە وەرگرێت تا چ ئاستێ ڕێگەی پێدەدرێت، بۆ ئەوە گوتی: لەبەرئەوەی ئەم کتێبخانەیە تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە ناتوانێت وەک هەر کتێبخانەیەکی دیکە بێت، دەرگای خواستنی سەرچاوەکانی والآبێت بۆ سودمەندان ، بەڵام ئەگەر لەڕێگەی دیوانی پەرلەمان یا یەکێ لەپەرلەمانتارەکانەوە بێت و داوا بکات پێویستی بەسەرچاوەیەک هەیە، ئەوا دەتوانین لێرە بۆی کۆپی بکەین و پێیبدەین یا نووسراوێک بێنێت لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکات.

پێکهاتەی بەشەکانی

هەمووی لەخزمەت ئایدۆلۆژیەتی حزبی بەعس بوون، بەشێکی کەمی نەبێت کە ڕێگەیان پێداوە لێرەدا بوونی هەبێت. دواتر بەپێی سەردەمەکان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتیش لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991و دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان ئەم کتێبخانەیە وەک بەشێک لەدیوانی پەرلەمان مایەوە.

بووە بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خوێندکاران

هەروەها محەمەد پیران، ئاماژەی بەوەشدا، ئێستاکە ئەم کتێبخانەیە جیا لەدابینکردنی پێداویستی پەرلەمانتاران و کارمەندانی پەرلەمان لەمەعریفە و سەرچاوەی پێویست ، بەردەوام هاوکاری قوتابی و خوێندکارانی (خوێندنی باڵا و توێژەران) دەکات بەپێدانی زانیاری و سەرچاوە زانستییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان.

پێکهاتەی بەشەکانی

پێکهاتەی بەشەکانی پەرلەمان ، وەک هەر کتێبخانەیەکی دیکە نییە ، چونکی ئەم کتێبخانەیە جۆرێک لە تایبەتمەندی بەخۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بریتییە لەوەی زۆرێک لەسەرچاوەکانی بۆ توێژینەوەی یاسایی و دەستوورییەکان تەرخانکراوە . بەو مانایەی ئەوانەی سەرقاڵی توێژینەوەن لەبارەی یاسا گشتی و تایبەتییەکان دەتوانن سوود لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی کتێبخانەی پەرلەمان وەربگرن.

شایەنی باسە ئەو کتێبحانەیە جگە لەو سەرچاوانە زۆرێک لەسەرچاوە مرۆیی و زانستییەکانی بەخۆیەوە گرتووە.گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبخانەیە لەوەدایە لەسەر سیستەمی پۆلینی میلڤل دیویی پۆلێن کراوە، کە ئەم سیستەمە سیستەمێکی جیهانییە و زیاتر لە (200) هەزار کتێبخانە لەسەری دەڕۆن لە پۆلێن کردنی کتێبەکاندا.



هەولێر کەژاڵ ئەحمەد لە ئامێز دەگرێت

وریشە عومەر

خاتوونی شاعیر کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت: بڕیارە ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی 2018/12/26 کۆڕێکی شیعریی لەهەولێری خۆشەویست ئەنجام بدەم، کاتژمێر 3 ی پاشنیوەڕۆ لەهۆڵی پێشەوا، ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری کۆڕەکە وەزارەتی ڕۆشنبیریییە ، بە هاوکاریی گرووپی میوزیکی ئێوارەی تەمەن و ژمارەیەک لەلاوە بەهرەمەندەکانی شاری هەولێر. جێی ئاماژەیە ئەو شاعیرە ماوەی 10 ساڵە دورە لەچالاکی و ماوەیەکی کورتە گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستی کردۆتەوە بەچالاکییە هونەرییەکانی.

دیداری دۆستان لە بەغدا دەستی بە چالاکییەکانی کرد و کوردانیش تێیدا بەشدارن



بەرهەم شێخ عزەدین: لەپایتەختی عێراق سێزدەهەمین دیداری دۆستان بە بەشداری هەموو ئەتەوە و پێکهاتەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ، دەستی بە چالاکییەکانی کرد و بۆ ماوەی ٥ڕۆژ بەردەوام دەبێت. جێی ئاماژە بۆکردنە دەستەیەک لە کەلەپوورناس و ئەرشیفدۆست و چالاکوان لە هەرێمی کوردستان و فۆتۆگرافەری کوردیش بەشدارن.شێرزاد ڕەسوڵ کە وەکی ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن بەشدارە بۆ خەباتی ڕایگەیاند: ئێمە بە چەندان چالاکیی و نمایش بەشدارین. وەکی پێشانگەی فۆتۆگرافی و نمایشی جل و بەرگی کوردی و کاری دەستی. شیاوی باسە دیدارەکە بۆ ماوەی٥ ڕۆژ لە چەند شوێنێکی جوداجودا بەردەوام دەبێت.

